# چەمكی ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی لەتێڕوانینەكانی ( كامیل حەسەن بەسیر)دا.

هاوكار قادر ڕەسوڵ زانكۆی ڕاپەڕین_كۆلێژی پەروەردە – قەڵادزێ _بەشی كوردی

ئیمەیڵ: Hawkar.qadir@raparinuni.org

دڵشاد علی محمد زانكۆی سلێمانی _ سكوڵی زمان _ بەشی كوردی

ئیمەیڵ: Dr.dalshad@yahoo.com

## پێشەكی:

ئەم لێكۆڵینەوەیە لەژێر ناونیشانی ( چەمكی ئەدەب و رەخنەی ئەدەبی لە تێڕوانینەكانی ( كامیل حەسەن بەسیر) )دایە، وەك ئاشكرایە ( كامل حەسەن بەسیر) یەكێك بووە لەو لێكۆڵەرانەی بواری ئەدەب و رەخنەی ئەدەبی كوردی، كە جێگە و پێگەیەكی دیاری خۆی هەبووە لە رۆشنبیریی كوردیدا، لەگەڵ ئەوەشدا تا ئێستا وەك پێویست ئاوڕ لە كارە ئەدەبی و ڕەخنەییەكانی نە دراوەتەوە، هەربۆیە ئێمە لەم لێكۆڵینەوەیەدا و بەو ناونیشانەی بۆمان دیاری كردووە ئاوڕ لە تێروانینەكانی دەربارەی چەمكی ئەدەب و رەخنەی ئەدەبی دەدەینەوە و زانستانەش بۆچوونی خۆمان دەربارەیان دەخەینەبەردەست.

بەم پێیە ئامانج لەم لێكۆڵینەوەیە پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنی بۆچوونەكانی ( كامیل حەسەن بەسیر)ە كە بۆخۆیان لەلایەك شوێنێكی دیارییان لە گوتاری ئەدەبی بەگشتی و گوتاری ڕەخنەی ئەدەبیدا بە تایبەتی گرتووە، لەلایەكی ترەوە هەڵگری سیما و شەقڵی تایبەت بەخۆی بوون، بۆیە بەپێویستمان زانی ئاوڕییان لێ بدەینەوە لەژێر چەمكی ( ڕەخنەی ڕەخنە)دا، ڕێبازی لێكۆڵینەوەكە وەسفی شیكارییە.

لێكۆڵینەوەكەش لە دوو بەش پێكهاتووە

بەشی یەكەم كە بەناونیشانی ( چەمكی ئەدەب لای كامل بەسیر)ەو تیایدا تاوتوێی بۆچوونە ئەدەبییەكانی ( كامیل حەسەن بەسیر)مان كردووە، سەبارەت بە شیعر و شاعیر و دەستنیشانكردنی ئەرك و ڕۆڵ و بەشداریكردنی ئەدەبی كوردی لە واقیعی كۆمەڵگای كوردیدا.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper15 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

بەشی دووەمیش بە ناونیشانی ( چەمکی رەخنەی ئەدەبی لای کامل بەسیر)ەو تیایدا باسمان لە زاراوە و چەمکی ڕەخنە کردووە لە دید و تێڕوانینی نوسەرەوە. واتە لەم بەشەدا دید و تێڕوانینی ( کامیل حەسەن بەسیر)مان خستۆتەڕوو سەبارەت بەزانستی ڕەخنە و مەرجەکانی کەسی ڕەخنەگر و مەرجەکانی ڕەخنەی زانستی.

لە کۆتایشدا ئەو ئەنجامانەمان خستووەتە بەر دەست کە لێکۆڵینەوەکەمان پێیان گەیشتووە.

**کلیلە وشە** : ئەدەب، شیعر، ڕەخنە، ڕەخنەگر.

## 1) چەمکی ئەدەب لای (کامیل حەسەن بەسیر).

لە ڕاستیدا چەمک و واتای ئەدەب بەدرێژایی قۆناغە جیاوازەکان، بۆچوونی جیاوازیی بەخۆوە گرتووە لەلایەن ئەدیبان و لێکۆڵەران و ڕەخنەگران و بیرمەندان و فەیلەسوفان و شارەزایانی بواری دەروونناسی و کۆمەڵناسی...هتد. ئەمەش هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، چونکە ئەدەب چوارچێوەیەکی فیزیکیی نییە، واتە تەنێک یاخود پێکهاتەیەکی ماددی نییە، هەر لەبەرئەوەیە کە دەبینین لێکدانەوە و شیکردنەوەی جیاوازی بۆکراوە. هەروەها ئەدەب لە هەموو سەردەم و کاتەکاندا لەیەک ئاستی جێگیر و وەستاودا نەبووە، بەڵکو هەمیشە لەگەڵ ڕەوتی ژیانی مرۆڤ و هەلومەرجە جیاوازەکاندا، دۆخی ئەویش لە هەڵکشان و داکشان و گۆڕانکاریدا بووە، یەکێک لەو هۆکارانەی کە دۆخی نەوەستاوی بەخشیوە بەکایەیی ئەدەب، بوونی کاریگەریی ڕۆشنبیری و ئەدەبی بووە لە نێوان نەتەوە و زمانە جیاوازەکاندا.

گومانی تێدا نییە کە (کامیل حەسەن بەسیر)یش وەک هەر ڕۆشنبیر و لێکۆڵەرێکی ئەدەبیی و ڕەخنەیی بۆچوون و تێڕوانینی خۆی هەبووە بۆ چەمکی ئەدەب و بۆ چەمکی ڕەخنەی ئەدەبی بەپێی ئەو تێڕوانینانەی کە هەیبووە لە ئەدەبی کوردی ڕوانیوە و کاری تێدا کردووە.

نوسەر بەم جۆرە پێناسەی ئەدەبمان بۆ دەکات و دەڵێت: زاراوەی وێژە واتە: ئەدەب ڕووداوێکی واتایی و معنوی دەردەبڕێ بۆیە پێویستی بە پێناسە و لێکدانەوە هەیە... ئەم لێکۆڵینەوەیە و پێناسەیە ناگەنە بڕیارێکی کۆتایی و سنورێکی دەستنیشانکراو( بەسیر، 1984، 12)، ئەم ناساندنەی ئەدەب لەلایەن نوسەرەوە ئەوە دەگەیەنێ، کە ئەدەب چوارچێوەیەکی دیاریکراو و سنور بۆ کێشراوی نییە و هەمیشە لە گۆڕاندایە بە پێی چێژ و بۆچونی کەسەکان گۆڕانی بەسەردا دێت، بۆیە ناتوانین بڕیاری ڕەها بدەین سەبارەت بە ناساندن و دیاکردنی چوارچێوەیەکی دیاریکراو بۆ ئەدەب، هەر لەم بارەیەوە (تێری ئینگڵتن) سەبارەت بە پێناسەی ئەدەب دەڵێت: ... پێناسەیەکی تەواو نییە بۆ ئەدەب ( قەرەداخی، 2016، 9).

لەپێناسەیەکی دیکەدا بۆ ئەدەب (کامیل حەسەن بەسیر) دەڵێت: وێژە دەنگی سۆز و هەڵچونی وێژەرە و ئەم دەنگە پاش ئەوەی شەپۆلی ڕەشەبای چاودێران و نەریت و بەرژەوەندییە پەرستەکان دەبڕێ و بە نقە نق دەگاتە خوێنەران ( بەسیر، 1985، 7 )، کەواتە ئەدەب دەربڕینی هەستە کپکراو و پەنگخواردووەکانی ئەدیبە، کە زۆرجار بەهۆی کلتور و داب و نەریتەوە یان بەرژەوەند پەرستەکانەوە مرۆڤ ناتوانێت بە ئازادی و بەبێ ترس و سانسۆری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئاینی گوزارشت لە ناخی خۆی بکات، بەڵام لێرەدا ئەدیب بەبێ ترس و بەبێ گوێدانە داب و نەریت و بارودۆخی کۆمەڵایەتی هەست و سۆزە گڕگرتووەکەی ناخی خۆی دەردەبڕێ، هەروەها ئاماژە بەوە دەکات کە وێژەر بەرلەوەی بەرهەمەکەی ساز بکات بەرەنگاری سۆزێک دەبێت و ئەم سۆزە ڕایدەکێشێت بۆ تاقیکردنەوەیەکی تایبەتی( بەسیر، 1984، 12 )،


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper15 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

واتە شاعیرەکە دوای ئەوەی بەتاقیکردنەوەیەکدا تێدەپەڕێت، هەر ئەم تاقیکردنەوەیە دەبێتە هۆی ئەوەی کە (سۆز)ێک لەناخیدا دەیوروژێنێ و پەلکێشی دەکات بۆ جیهانێکی تر، سەرئەنجام بەرهەمێکی ئەدەبی لێدەکەوێتەوە. چونکە سەرچاوەی وروژاندنی شاعیر سۆزە.

هەروەها نوسەر دەڵێت: وێژەر کە سەرچاوەکەی سۆزبێت ئامانجی سەرەکیشی وروژاندن و هەڵچونی گوێگر و خوێنەرە، بۆ ئەوەی ئەم گوێگر و خوێنەرە بەشداری وێژەر لە سۆزەکەیدا بکات ( بەسیر، 1984، 14 ). لێرەدا ئێمە هاوڕا نین لەگەڵ ئەم بۆچوونەی ( کامیل حەسەن بەسیر) چونکە ئامانجی سەرەکی ئەدیب مەرج نیە هەر تەنیا وروژاندنی گوێگر بێت، بەڵکو هەندێک جار ئەدیب گوزارشت لە ناخی خۆی دەکات بەتەنیا، یان هەندێکجار شاعیر مەبەستی گەیاندنی زانیارییە و دەیەوێت کۆمەڵگاکەی وشیاربکاتەوە.

نوسەر سەبارەت بە گرنگی و پێویستی ئەدەب دەڵێت: ئەدەب بۆیە پەیدابووە کە زروف بگۆڕێت و زروفی تازە دروست بکات( بەسیر، 1990، 20 ) هەروەها جەخت لەوە دەکاتەوە کە پەیامداری لەهۆنراوەدا پێویستیەکی کۆمەڵایەتیەو دەبێ دروشمی هەستیارەکانمان بێت ( بەسیر، 1977، 76 )، لەم ناساندنانەدا بۆمان دەردەکەوێت، کە ئەدەب لەلای نوسەر ئەرکە واتە بەرهەمە ئەدەبییەکان دەبێت هەڵگری پەیامێک بن و بۆ خزمەتی مرۆڤ و زمان و نەتەوە و خاک و مرۆڤایەتی بێت بەگشتی، نەک تەنها لە پێناوی جوانیدا بئافرێنرێت، پێویستە ئەدەب لە خزمەت باشکردنی ژیان و گوزەرانی خەڵکدا بێت، بەواتایەکی تر (ئەدەب بۆ کۆمەڵ) بێت کە ئەمەش زیاتر ڕوانینێکی ریالیزمییە، واتە ئەدەب دەبێت ئامرازێکی کاریگەر بێت بۆ سەر لەنوێ بنیاتنانەوەی ژیانێکی باشتر و شایستەتر بۆ سەرجەم کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، هەروەها یەکێک لە ئامانجە گرنگەکانی ئەدەب ئەوەیە، دەبێت ڕۆڵێکی گرنگی هەبێت لەباشترکردن و گۆڕینی خراپی باروزروف بۆ باشتر، چونکە لە ڕاستیدا ئەدەب خۆی لەخۆیدا پرۆسەی گۆڕینە، گۆڕینی ئەو جیهانەی تیایدا دەخولقێنێ و دەرسکێ بۆ جیهانێکی باڵاتر و مرۆڤانیتر. ئەدەب هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدایە ژینگەی هونەری و کلتوری و شارستانی خۆی، واتە قۆناغ و سەردەمی خۆی ببەزێنێ و لە ئایندەدا دەنگ و ڕەنگ بداتەوە ( عارف، 2008، 9 ).

بەهەمان شێوە ( ئەنوەر قادر محمد) لە چاوپێکەوتنێکیدا سەبارت بە دەور و ئەرکی ئەدەب دەڵێت: ئەدەب ئەبێ چەکێکی کاریگەربێ و هاوبەش بێ لە گۆڕینی ژیانا ( بایز، 1997، 46 )، واتە پێویستە ئەدەب ئاوێنە و نمایندەی کۆمەڵگا بێت، بەواتایەکی تر ئەدەب ڕەنگدانەوەی واقیعی کۆمەڵ بێت و لەخزمەت کۆمەڵدا بێت. هەر لەبەرئەوەیە ( کامیل حەسەن بەسیر) پێی وایە ئامانجی ئەدەب گۆڕینی بارودۆخی کۆمەڵگایە بۆ بارودۆخێکی باشتر لە دۆخی پێشووتری، واتە پێویستە ئەدەب لە خزمەتی کۆمەڵگا دابێت و هەڵگری پەیامێک بێت و ئەرکیشی هەبێت.

سەبارەت بەبەرهەمی ئەدەبی ( کامیل حەسەن بەسیر) دەڵێت: وێژە چ هۆنراوە بێت چ پەخشان بەرهەمێکی ئیجابیە و ئاکامێکی خوڵقێنراو دەدات بەدەستەوە، بە واتایەکی تر وێژەی ڕاستینە بەرهەمێکی خوڵقێنراو و داهێنراوە ( بەسیر، 1993، 15 )، بێگومان ئەدەب یەکێکە لە داهێنراوە هەرە گرنگەکانی بواری مرۆڤایەتی کە خزمەت بە بواری دەرون و ئەندێشە و فروانبونی خەیاڵ دەکات، هەربۆیە دەوترێت کە ئەدەبیات یەکێکە لە بنەڕتیترین و زەرورترین چالاکییەکی بێ ئەلتەرناتیڤ (خۆشناو، 2011، 31 ). لەگەڵ ئەوەشدا هۆکارێکی گرنگە بۆ فراوانبونی دنیا بینی مرۆڤ و هەبوونی ڕای جیاواز سەبارەت بە شتەکانی دەوربەر، کەواتە بەگشتی دەتوانین بڵێین ئەدەب ئەزمونێکی مرۆڤایەتیە و پەیوەندییەکی پتەوی بەژیانی ڕۆژانەی مرۆڤەوە هەیە ( عبدالواحید، 2013، 95 ). لەبەرئەوە بەرهەمی ئەدەبی بابەتێکی ئەرێنییە و دەشێت ئامرازێک بێت بۆ باشکردن و بەرەو پێشچونی گوزەرانی خەڵک.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper15 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

بەلای ( کامیل حەسەن بەسیر)ەوە ئەدەبی ڕاستەقینە دەبێت بەگشتی بۆ خزمەتی مرۆڤ و مرۆڤایەتی و چارەسەری کێشە کۆمەلایەتی و دەرونی و سیاسیەکان بێت هەروەکو دەڵێت: وێژەی ڕاستەقینە ئاوازی هەست و نەست و دەرونی وێژەرە (بەسیر، 1993، 15 )، لێرەدا نوسەر ئاماژە بە ڕاستگۆیی لە ئەدەبدا دەکات و ڕای وایە کە ئەرکی ئەدیب دەربڕینی سۆز و تاقیکردنەوەی تایبەتی خۆیەتی. دواتر نوسەر ئاماژە بەوە دەکات کە مەسەلەی ڕاست و درۆ لە بەرهەمی وێژەیدا بە پێوانەی ڕاستی و زانستی و کۆمەلایەتی و مەنطقی بون و سروشت ناپێورێ، بەڵکو تاقە پێوانە لەم ڕووووەوە ڕاستی سۆز و تاقیکردنەوەی وێژەرە ( بەسیر، 1984، 18 )، لەبەرئەوە ناکرێت ئەدەب بە پێوانەی ڕاستی و درۆی واقیع و کۆمەڵگا هەڵبسەنگێنرێت، چونکە وێژە ئاوازێکی خۆییە (زاتیە). کەسایەتی تەواوی خاوەنەکەی کە وێژەرە دەنوێنێت و هەست و بەهرە و هەڵوێستی تایبەتی دەخاتەڕوو ( بەسیر، 1993، 38 )، کەواتە کاتێک کەسی ئەدیب باس لە بابەتێک دەکات، ئەوا هەڵوێستی کەسییەتی ئەدیبمان بۆ دەردەکەوێت و تەواوی سەرنج و تێڕوانینەکانی خۆی دەخاتەڕوو، چونکە ئەدەبی ڕاستەقینە کەسایەتی تەواوی خاوەنەکەی دەنوێنێت، هەڵبەت ئێمە مەبەستمان لە ئەدەبی ڕاستەقینەیە نەک ئەدەبی دروستکراو (تصنع)، چونکە ئەدەبی دروستکراو مەرج نییە شاعیر یان کەسی ئەدیب گوزارشت لە هەستە پاک و ڕاستیەکانی خۆی بکات، بەڵکو دەشێت لەژێر گوشاردا بێت یان بۆ دەستکەوتنی شتێکی ماددی بێت، کە بێگومان ئەمەش بە ئەدەبی ڕاستەقینە دانانرێت. کەواتە ئەدەب دەربڕینی وشە و هەستە، کە تەعبیر لە هەڵوێستی ئەدیب دەکات سەبارەت بە کۆمەڵگا و ژیانی دەوروپشتی ( عبدالواحید، 2013، 92 ).

هەروەها (کامیل حەسەن بەسیر) سەبارەت بەچۆنییەتی بەرهەمی ئەدەبی دەڵێت: وێژەی ڕاستەقینە کە دەنگی زوڵاڵی باری نەتەوەیی ستەم لێکراوە، بە بۆچوونی ئێمە پێویستە لە ڕووی ناوەڕۆک و شێوەوە بە پێوانەی زۆرانی بیریی و هونەری شیبکرێتەوە و هەڵبسەنگێندرێ ( بەسیر، 1987، 9 ). لێرەدا نوسەر پێی وایە کە ئەدەبی ڕاستەقینە هەڵقولاوی واقیعی کۆمەڵگایە و ڕەنگدانەوەی سەرجەمی کێشەو موعاناتەکانی خەڵکە، بۆیە داوا دەکات کە پێویستە لە هەردوو لایەنی شێوە و ناوەڕۆکەوە بە پێوەری بیری (فیکری) و هونەری کە زیاتر لایەنی جوانکاری و ڕاستگۆییە لە ئەدەبدا پێویستە دەقی ئەدەبی پێ هەڵبسەنگێنرێ. هەروەها جەخت لەوە دەکاتەوە کە نابێت هیچ کامێک لە ڕوخسار و ناوەڕۆک فەرامۆشبکرێت لەسەر حیسابی ئەوی تر، بەڵکو پێویستە بەیەکسانی بچێت بەڕێوە هەر لەم بارەیەوە دەڵێت: پەیامداری لە وێژەدا هەر ناوەڕۆک نییە و بەس، بەڵکو لەسەر بناغەی داهێنانی ڕەگەزی ناوەڕۆک و ڕەگەزی ڕوخساردا پێویستە بچێت بەڕێوە و ناشێ لەبەر یەکێ لەم دوو ڕەگەزە، ڕەگەزەکەی دی پشتگوێ بخرێت ( بەسیر، 1985، 15 )، کەواتە ناکرێت بە هیچ جۆرێک ناوەڕۆک و شێوە لە یەکتر داببڕێنرێت و ناکرێت جیایان بکەینەوە، بەڵکو لە یەکتر جیاناکرێنەوە هەردووکیان لە بۆتەیەکدا دەتوێنەوە و ئاوێتەی یەکترن. چونکە هەر تەنها بوونی شێوەیەکی هونەری جوان بۆ شیعر بەس نییە، بەڵکو پێویستە ناوەڕۆکێکی بەپێز و چاکی هەبێت ( مەحمود، 1951، 2 ).

بەهەمان شێوە (میخائیل باختین)یش لە کتێبی (وشەی دیالۆگ)دا دەربارەی شێوە و ناوەڕۆک) دەڵێت: ناوەڕۆک ڕەگەزێکی بنەڕەتی پێویستە لە بابەتی ئیستێتیکیدا و هاوپەیوەندە لەگەڵ شێوەی هونەریدا، بێ ئەم پەیوەندییە دوو لایەنە هیچ مانا و بایەخێک بۆ کاری هونەری نییە، لە دەری پەیوەندی شێوە بە ناوەڕۆکەوە ( محەمەد، 2010، 34 ).

(کامیل حەسەن بەسیر) دەربارەی شیعر کە لقێکی دیار و سەرەکییە لە ئەدەب دەڵێت: شیعر ئەبێت مۆسیقایەک بێت عاتیفەی ئینسان ببزوێنێ وە مەستی شادی بکات ( بەسیر، 1985، 15 ). ئینجا ئاماژە بەوە دەکات کە هۆنراوە چالاکیەکی ئادەمیزادانەیە... بەرهەمی کارێکی هۆشمەندییە و لەناخی دەروون و هەست و نەستی هەستیاردا ڕەگ و ڕیشەی داکوتاوە (


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper15 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

بەسیر، 1990، 189– 190 ). ئێمە ئەگەر لەم ناساندنە وردبینەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە ئەم دەربڕاوەی لەژێر کاریگەری قورئانی پیرۆزدا وتووە، چونکە قورئان و ئاینی پیرۆزی ئیسلام وەکو چالاکیەکی ڕۆژانەی ئادەمیزاد تەماشای هونەری شیعری کردووە، کە سەرچاوەکەی واقیع و بوونی کۆمەڵە، بەهەمان شێوە (کامیل حەسەن بەسیر) یش هەمان بۆچونی هەیە و پێی وایە شیعر چالاکییەکی ئادەمیزادانەیە، نوسەر لەسەرەتادا پێی وابووە شیعر زیاتر پەیوەندی بە جموجۆڵ و چالاکی ئادەمیزادەوە هەیە، بەڵام لە لێکۆڵینەوەکانی دواتریدا بۆچوونی گۆڕاوە و پێی وایە سەرچاوەی شیعر خورپە و ئیلهامە. ئەم ڕایەش پێچەوانەی ئەو ڕایەی پێشترییەتی، چونکە لێرەدا سەرچاوەی شیعر دەگەڕێنێتەوە بۆ خورپە و ئیلهام هەروەکو دەڵێت: هۆنراوە سێبەری پاشماوەیەکی ئەو ڕەفتارە خواوەندییەیە لە ئادەمیزاددا ( بەسیر، 1983، 19 ).

دەبینین نوسەر لەبەر گرینگی و کاریگەری شیعری چواندووە بەسێبەری پاشماوەی خواوەند، ئەمەش زیاتر لەبەر نەمری و زیندوێتی و کاریگەرێتی شیعرە، ئەم بۆچونەی نوسەر زیاتر نزیکە لە بۆچونی (سوکرات و ئەفلاتون) کە باوەڕیان وایە شیعر هی خواوەندەکانە، لە (دەمە تەقێکانی ئایۆندا) پرسیارێک دەوروژێنرێت و دەپرسرێت، ئایا سەرچاوەی شیعر ئیلهامە یاخود هونەرە؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا سوکرات دەڵێت: سەرچاوەی شیعر ئیلهامە، لەبەرئەوە شاعیر دەستەوەستانە لەوەی واتای شیعرەکان لێکداتەوە، یان ڕەخنەی لێبگرێ، چونکە شاعیر پەیامبەرێکە لەنێوان خەڵک و خواوەندا، خواوەند ئەفسانەیان پێ بڵاودەکاتەوە و ئەمانیش لە حاڵی بێ ئاگاییدا دەیڵێنەوە. واتە خواوەند بەهۆی شاعیرەوە دەمان دوێنێ (محمد، 1986، 32 ).

ئێمە ئەگەر ئەم ڕوانینەی (کامیل حەسەن بەسیر) لەگەڵ بۆچوونەکەی ئەفلاتون بەراورد بکەین، بۆمان دەردەکەوێت کە نوسەر لەژێر کاریگەری ئەفلاتون بۆچوونەکانی داڕشتووە کە دەڵێت: هەستیارەکان ڕاڤەکەری خورپە و ئیلهامن، کە خەڵکی تێی ناگا... هەروەها ئەو وشانەن کە خۆیان لێی تێناگەن ، یاخود ئەو تەپڵانەن کە بۆ جەنگێک لێیان دەدرێ و خۆیان نازانن کە ئەو جەنگە چ ئاکامێک ئەدات بەدەستەوە ( بەسیر، 1983، 20 ). لێرەدا (کامیل حەسەن بەسیر) هەمان بۆچونی (سوکرات و ئەفلاتون)ی هەیە، سوکرات ئاماژە بەوە دەکات کە شاعیران دوای ئەوەی شیعرەکانیان دەخوێندەوە پرسیارم لێ دەکردن و لێم دەپرسین واتای ئەوانەم بۆ شیبکەنەوە کە وتتان، کەچی لە وەڵامدا کەسییان نەیاندەتوانی و نەیاندەزانی، (کامیل حەسەن بەسیر) یش بەهەمان شێوە پێی وایە کە شاعیران تەپڵی جەنگێک لێدەدەن نازانن ئاکامەکەی ئەو جەنگە چییە. کەواتە بەهەمان شێوەی ( سوکرات و ئەفلاتون)شیعر بە خورپە و ئیلهام دەزانێت و شوێن پێی ئەوانی هەڵگرتووە.

بەلای ( کامیل حەسەن بەسیر) سەرچاوەی شیعری ڕاستەقینە ئەوەیە کەسی ئەدیب بەرهەمەکەی لە کۆمەڵگای خۆی هەڵبهێنجێ، هەروەکو دەڵێت: بەلای ئێمەوە... هەموو نەتەوەیەک دەبێت کەسایەتی خۆی بپارێزێ و لە هیچ بۆتەیەکی بێگانە خۆی نەتوانبێتەوە. ( بەسیر، 1983، 148 ).

سەرەڕای ئەوەی ئێمە هاوڕاین کە پێویستە کەسی ئەدیب پارێزگاری لە کەسایەتی نەتەوەیی خۆی بکات، بەڵام پێویستیشە شارەزایی کلتور و ئەدەبیاتی بێگانە ببێت، بۆ ئەوەی بتوانێت ئاوێتەی بکات لەگەڵ بەرهەمە نەتەوەیەکە و دوای ئەوە بەرهەمێکی ناوازە ساز بکات، بە واتایەکی تر ئەگەر کەسی ئەدیب تەنها لە بازنەی نەتەوەیی خۆیدا بخولێتەوە و تەنها لەکلاوڕۆژنەی ئەدەبی نەتەوەکەی خۆی سەیری بەرهەمی ئەدەبی بکات، ئەوا بێگومان ئەدەبەکەی نابێت بە ئەدەبێکی جیهانی و هیچی تازەی نایەتە سەر خەرمانەکەی، بەڵکو بەرەبەرە بەرەو پوکانەوە و لەناوچون دەچێت ناتوانێت هیچ هەنگاوێک بەرەو پێشەوە بهاوێژێت، چونکە ئەدیب پێویستە لەپاڵ ئەدەبە نەتەوەییەکەی ئاگاداری ئەدەبی نەتەوەکانی تریش بێت بەڵێ ڕاستە توانا و بەهرەی زاتی هەر شاعیرێ هۆی یەکەمە بۆ ڕاددەی شاعیریەتی، بەڵام زۆر شاعیرمان هەن ئەگەر کاریگەری ئەدەبی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper15 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

گەلانی تر نەبوایە و زمانیان نەزانیایە ئەو شاعیرەیان لێ دەرنەدەچوو ( ئاشنا، 1985، 12). بۆیە بەڕای ئێمە باشترین ئەدەب ئەو ئەدەبەیە کە ئاگاداری ئەدەبی نەتەوەکانی جیهانی ببێت کەسی ئەدیب ئەدەبە جیهانیەکە موتوربە بکات لەگەڵ ئەدەبی نەتەوەکەی خۆی و لەگەڵ ئەوەشدا ڕەسەنی و شەقڵی ئەدەبە نەتەوەییەکەی خۆی بپارێزێت، بۆئەوەی لە ئەدەبی جیهانیدا ئەدەبەکەی ئێمەش دوانەکەوێت وشوێن و پێگەی خۆی هەبێت.

پاشان (کامیل حەسەن بەسیر) ئاماژە بەوە دەکات کە (( هۆنراوە دانەیەکی یەکدگیر ئاکامێکی تارمایی وێنە نییە بەسەر زاری هەستیارەوە ڕێک بخرێت و وەکو کارێکی ئامێری بێتە بەرهەم و دەنگدانەوەی لێدانی ئاسنێکی سارد بێت ، بەڵکو بەرهەمی کارێکی هۆشمەندییە و، لە ناخی دەرون و هەست و نەستی هەستیاردا ڕەگ و ڕیشەی داکوتاوە و هەنگاو بەهەنگاو سەوز بووە ( بەسیر، 1990، 190 ).

لێرەدا ئاماژە بەوە دەکات، کە یەکەمجار شاعیر لە ئەنجامی بینینی ڕوداوێک یان شتێک هەست و سۆزی دەوروژێنرێت و کاری تێدەکات، ئینجا ئەندێشەکانی یاخود وێنە هونەرییەکان لە ڕێگەی زمانەوە دەردەبڕێت و گوزارشتیان لێدەکات، بێگومان ئاوازی تایبەت بەخۆی دەبێت، هەروەها ئاماژە بەوە دەکات کە شیعر شتێکی یان بابەتێکی ڕێکخراو نییە، واتە وێنە و قاڵبە شیعریەکە ئامادە نییە، وەک ئەوەی لە شیعری کلاسیکدا بیرێکی ئامادە و قاڵبێکی شیعریی ئامادە هەبووە. واتە نوسەر لێرەدا سەرچاوە شیعرییەکە بە خورپە و ئیلهام دادەنێت نەک بە پیشە (صنعات).

هەروەها لەلێکۆڵینەوەی تازەشدا بەهەمان شێوە دەڕوانرێتە شیعر و دەوترێت هۆنراوە دەربڕینێکی هونەری تاقیکردنەوەکانی شاعیرە و لەگەڵ چەند بنەمایەکی ئاوازەیی و وێنەیی دا بنیات دەنرێ ( محمد، 1998، 18 ). بێگومان (تاقیکردنەوە) تۆوی یەکەمی لەدایکبونی شیعرە و بەگشتی دەتوانین بڵێین شیعر دەربڕاوێکی خاوەن ئاواز و مۆسیقایە و هەڵگری زیاتر لە یەک واتایە، بە زمانێکی هونەری تابلۆیەکی کێشراومان نیشان دەدات.

هەروەها (کامیل حەسەن بەسیر) سەبارەت بەگرنگی و ڕۆڵی ئەدیب دەڵێت: لە مێژووی ڕۆشنبیری جیهانیدا چەسپاوە کە وێژەر بەگشتی و هەستیار بەتایبەتی ئەندازیاری دەرونی مرۆڤە ( بەسیر، 1983ب، 3). کەواتە ئەدیب بە ئەندازیاری دەرونی مرۆڤ دادەنرێت، لەبەرئەوە پێویستە کەسی ئەدیب بەوریایەوە مامەڵە لەگەڵ دەروونی مرۆڤ بکات، بۆئەوەی تاکی بەسود بۆ کۆمەڵگا بنیات بنێت، چونکە ئەرکی ئەدیب ئەوەیە کە کەموکوڕییەکانی کۆمەڵگا بخاتە ڕوو دەستنیشانیان بکات و لەپاڵ ئەوەشدا هەوڵی دۆزینەوەی چارەسەرێک بدات بۆ کێشەکان، هەروەها نوسەر سەبارەت بە ئەرکی ئەدیب دەڵێت: ((بەڵێ ئەدەب بە سوکان دائەنرێ کە سەرکردەی ئەکات و نەخشەی بۆ دائەنێ، ئەدیب ئەندازیاری دەرونی مرۆڤایەتیە، ئەدیب سوپای دووەمە ( بەسیر، 1990، 20). کەواتە ئەرکی ئەدیب دەرخستن و دەستنیشانکردنی هەستە پەنهانەکانی دەرونی مرۆڤ و سەرلەنوێ بیناکردنەوەیەتی، هەر لەبەر ئەمەشە بە ئەندازیاری دەرونی مرۆڤ دادەنرێ. بۆیە هەستیارەکان ئەرکێکی گرینگیان کەوتۆتە سەرشان و دەتوانن ڕابەری میللەتەکەیان بکەن، چونکە ناودارترین شاعیر و نوسەری جیهان ئەوانەن کە تەعبیریان لە خەم و ئازار و ئاواتی میللەتەکەیان کردووە ( حەسەن، 1979، 55).

(کامیل حەسەن بەسیر) لەبەر گرنگی و بەهای وەزیفەی ئەدیب بە پێغەمبەر و فریاد ڕەسی کۆمەڵەکەی ناوی دەبات، بۆیە پێی وایە ئەدیب سەر بۆ ئەو زوڵم تاریکییە شۆڕ ناکات، بەڵکو لەسەنگەری بەرگریدا داکۆکی لە مافەکانی خاک و نەتەوەکەی دەکات و هەوڵدەدات بۆ گۆڕینی ئەو باروزروفەی کە میللەتەکەی پێیەوە دەناڵێنێت. هەر بەهۆی گرنگی ئەدیب و شاعیرەوە دەڵێت: ئەدیب پێغەمبەرێکی تازەی وەهایە کە سەر بۆ ئەو تاریکی و دۆزەخە، شۆڕناکات، بەڵکو مەردانە چەکی لێکردووە بەلادا گۆرانی ئازادی و سرودی شۆڕش ئەڵێ، ئەم گۆرانی و سرود و ئاوازە، بڵاو ئەبێتەوە و ئەکەوێتە کار بۆ ڕوخاندنی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper15 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

ئەم دۆزەخە، بۆ گۆڕینی ئەم زروفە ( بەسیر، 1990، 31)، ئەگەر هەڵوەستەیەک لەسەر ئەم بۆچونەی نوسەر بکەین بۆمان دەردەکەوێت، کە ئەم بۆچوونەی نوسەر نزیکە لە بۆچوونی ئەدیبان و پەیرەوکەرانی ڕێبازی ڕیالیزم، کە پێیان وایە پێویستە ئەدیب دژی زوڵم و ستەم بوەستێتەوە و هەوڵی دۆزینەوەی چارەسەرێک بدات بۆ ئەو بارودۆخە ناهەموارەی کە میللەتەکەی تێیکەوتووە. واتە دەبێت شاعیر بایەخێکی زۆر بە مەسەلەی بەستنەوەی ئەدەب بەژیانی خەڵک بدات، هەروەها شاعیر ئەرکی ئەدەبی خۆی لەڕووی ڕێبەرایەتی کردنی میللەت و هاوبەشی کردنی لەخەبات و تێکۆشاندا دیاریبکات، چونکە ئەدەب بێگومان وەکو تیریک وایە بۆ سەر سنگی دەسەڵاتە داگیرکەرەکان، خەڵک هۆشیار دەکاتەوە لە زوڵم و ستەمی داگیرکەرانی خاک و نەتەوە، لەبەرئەوەی شیعر (( لەسەردەمی خەباتی نیشتیمانی و نەتەوایەتی دژ بە داگیرکەران دەنوسرێت ( خۆشناو، 2002، 31). هەروەها ( ئەحمەد شاملو)ش سەبارەت بە بەها و گرنگی شیعر دەڵێت: ئامانجی شیعر گۆڕینی بنەڕەتی دنیایە و لەبەرئەوەیە هەر حکومەتێک هەق بەخۆی دەدات شاعیر وەک ڕەگەزێکی نامۆ و ترسناک لەقەڵەم بدات ( شاملو، 1377، 134).

هاوکات (کامیل حەسەن بەسیر) ئاماژە بەوە دەکات کە وێژەر مەرج نییە لە سازکردنی ڕستە و داڕشتنی دەربڕیندا لەسەر دەستورەکانی ئاخاوتنی ڕۆژانە و قسەی ساکار بڕوا ( بەسیر، 1984، 16). واتە شاعیر بۆی هەیە سەرجەمی یاسا و ڕێساکانی زمان تێکبشکێنێت ئەمەش لە زمانی شیعردا ڕێ پێدراوە.

لەکۆتایی ئەم تەوەرەدا دەمانەوێ تێڕوانینەکانی (کامیل حەسەن بەسیر) بخەینەڕوو دەربارەی پێگە و ئاست و پەیوەندی ئەدەبی کوردی بە ئەدەبی میللەتانی ترەوە، هەروەها ئەوەش بخەینەڕوو، کە کاریگەری ئەدەبی میللەتانی تر لەسەر ئەدەبی کوردی چییە؟ و چۆنە؟. (کامیل حەسەن بەسیر) وتارێکی هەیە لەژێر ناونیشانی (نەء، ئەدەبەکەمان دواکەوتوو نییە)، لەم وتارەدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەدەبی کوردی هیچی کەمتر نییە لە ئەدەبی میللەتانی تری دنیا، هەروەکو دەڵێت: (( ئەدەبی کوردی هیچ دواکەوتوو نییە، بە واتایەکی تر باسکردنی دواکەوتنی ئەدەبی کوردی لێ دوانێکی دۆنکیشوتی و بێ بەرە، تەنیا ئەوە نەبێت کە مناقەشەیەکی ڕووکەشی بێ ئەنجام بەرپا دەکات ( بەسیر، 1990، 19)

ئەم بۆچونەی ( کامیل حەسەن بەسیر) لەوەوە سەر هەڵدەدات و کاتێک ( موحەرەم محەمەد ئەمین) کە لە ڕۆژنامەی (ژین)دا وتارێکی بڵاوکردۆتەوە، لەم وتارەیدا ناوبراو ترس و ڕەشبینی خۆی خستۆتەڕوو سەبارەت بەوەی کە ئەدەبی کوردی لە چ زەلکاوێک و پاشا گەردانیەک دایە، بەڵام ( کامیل حەسەن بەسیر) بەرپەچی دەداتەوە و جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەدەبەکەمان هیچ دواکەوتوو نییە، بەڵکو بە قسەی بێ بنەما و ناڕاستیان دادەنێت و دەڵێت: (( من لەم مەسەلە گرینگە دوور بووم نەک لەبەر هیچ شتێک بەڵکو لەبەر ئەوەی کە هیچ وجودێکی واقیعی ئەم مەسەلەیەم نەئەدی هەرچەندە ئەم مەسەلەیە خۆی لەخۆیا مەسەلەیەکی گرنگە ( بەسیر، 1990، 17) بەم جۆرە (کامیل حەسەن بەسیر) بێ باکی خۆی دووپاتدەکاتەوە لەم بابەتەدا، ئەمەش هۆکارەکەی بۆ بێ بنەمایی یا ناڕاستی بابەتەکە دەگەڕێنێتەوە. هەر بۆیە (کامیل حەسەن بەسیر) پێی وایە ڕێز نەگرتنی ئەدیب و نەبوونی ڕێکخراوێک کە ئەدیبانی کوردی بەیەکەوە بلکێنێ و بەتەنگیانەوە بێت و کەمی خوێندەوارانی ئەدەب، هۆکار نین بۆ دواکەوتنی ئەدەبەکەمان، بەڵکو ڕای وایە ئەمانە ئەنجامن، واتە ئەگەر ئەدەبەکەمان دواکەوتوو بێت ئەمانە هۆکار نین، بەڵکو ئەم دوو خاڵە دەرئەنجامن، (موحەرەم محەمەد ئەمین) هۆی سەرەکی دواکەوتنی ئەدەبی کوردی دەگەڕێنێتەوە بۆ (( دواکەوتنی کۆمەڵی کوردەواری لەڕووی ئابوری و سیاسییەوە ( بەسیر، 1990، 18)، لێرەدا (کامیل حەسەن بەسیر) ڕای خۆی دەردەبڕێت و دەڵێت: ڕێگەی ئەو مامۆستایانە و ڕێگەی موحەرەم محەمەد ئەمین لە پێشاندانی هۆی دواکەوتنی ئەدەبە کوردیەکەمان هەرگیز ڕاست نیە و ڕێک ناکەوێ لەگەڵ مفهومی تازەی ئەدەبدا ( بەسیر، 1990، 19).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper15 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

بۆیە دەڵێت تەنانەت پێویستیش ناکات وەڵام و بەرپەچیان بدەمەوە، چونکە ئەو هۆیانەی ئەو مامۆستایانە باسیان کردبوو لە ڕاستیدا دەرئەنجامی ئەو باروزروفەیە کە گەلەکەمان تێیکەوتووە.

بەڕای ئێمە کاتێک (کامیل حەسەن بەسیر) ئاماژە بەوە دەکات کە ئەدەبی کوردی هیچ دواکەوتوو نییە، بە قسەی بێ بنەما و ناڕاستی دادەنێت ئەم بۆچوونەی جۆرێک لە دەمارگیری پێوە دیارە بەرامبەر بە ئەدەبی نەتەوەکەی، لێرەدا پرسیارێکمان بۆ دروست دەبێت و دەپرسین کە ( کامیل حەسەن بەسیر) چۆن دەمارگیری بە بۆچونەکەیەوە دیارە ؟

لەڕاستیدا بۆ ئەوەی بزانین ئەدەبەکەمان دواکەوتووە یان دواکەوتوو نییە، دێین سەیری بەرهەمە ئەدەبییەکانی نەتەوەکەمان دەکەین، هەروەها سەیری ئەو زمان و ئەندێشە و وێنە هونەرییانە دەکەین، کە ئەدیبەکانمان لە بەرهەمەکانیاندا بەکاریانهێناوە، ناکرێت لەبەر هەبوونی دڵسۆزی و ئینتیمایەکی زۆر بۆ خاک و زمان و ئەدەب و نەتەوەکەت ڕاستەوخۆ بڕیاربدەی و بڵێی ئەدەبەکەمان نەک هەر دواکەوتوو نییە، بەڵکو لە ئاستێکی هونەری بەرزدایە، چونکە ئەمجۆرە بڕیاردانە زیاتر پەیوەندی بە لایەنی سۆز( عاتیفە)وە هەیە، کەسی ڕەخنەگر و لێکۆڵەر مامەڵە لەگەڵ دەق دەکات، ئێمە ئەگەر سەیری بەرهەمی نەتەوەکەمان بکەین، زۆرینەیان لەژێر کاریگەری میللەتانی ترەوەن.

بۆیە دەڵێین ئەدەبەکەمان پێشکەوتوو نییە، زۆرینەی ئەدیبانمان بەرهەمەکانیان لاسایکردنەوەیە و لەژێر کاریگەری شاعیران و ئەدیبانی میللەتانی دراوسێکانمانەوە بوون و هەر لە زمانی ڕەوانبێژی و وێنە هونەرییەکانی ناو بەرهەمەکانیان کە بە ئامادەکراوی لە میللەتانی ترەوە وەریانگرتوون، هاوکات (کامیل حەسەن بەسیر) خۆیشی دان بەو ڕاستییە دادەنێت، کە ... زۆربەی هەستیارە دێرینکارەکانمان لە سوچی ڕەوانبێژی و ڕەخنەسازییەوە زاراوەی عەرەبیان لە هەڵبەستەکانیاندا تۆمارکردووە بە پێوانەی بەرهەمی دێرینی هۆنراوەی عەرەبی وێنەی هونەریان سازکردووە لەبنیاتی هەڵبەست و کێش و سەرِوادا دیوانی عەرەبیان بەکلاوڕۆژانەی خۆیان داناوە و زمانی هۆنراوەییان بە وشە و زاراوەی فەرهەنگی عەرەبی ئاخنیوە و بەئایەتی قورئان فەرمودەکانی پێغەمبەر(د.خ) و ڕووداوی مێژوویی تێ هەڵکێشیان کردووە ( بەسیر، 1987، 23).

کەواتە شاعیرە دێرینەکانمان لە زۆربەی لایەنەکانەوە ( زمانیی، وێنەیی هونەریی، ڕەوانبێژیی...هتد) بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ سودییان لە فەرهەنگی بێگانە بەگشتی و لەناویاندا فەرهەنگی زمان و ئەدەبی عەرەبی وەرگرتووە و لەژێر ڕۆشنایی ئەدەبیاتی عەرەبی گەشەیان بە ئەدەبەکەیان داوە، بەوهۆیەوە کەرەسەیەکی زۆری ئیسلامی و ئەدەبیاتی عەرەبیان لەبەر دەست بووە. هەرچەندە پێمان وایە ئەگەر ئەم لاسایکردنەوە و کاریگەرییە بۆ ماوەیەکی کاتی کەم بێت ئەوە ئاساییە دواتر بەرەبەرە ئەدیبەکە و ببێتە خاوەن ڕێچکەی تایبەت بەخۆی و شێوازێکی جیاوازی هەبێت لە ئەدیبانی تر.

هەر سەبارەت بە کاریگەری ئەدەبی میللەتە دراوسێکانمان لەسەر شاعیرانی کورد ( ئاڤان عەلی میرزا تۆفیق) دەڵێت: سەرەتا نابێت ئەو ڕاستیەش فەرامۆش بکرێت کە سەرهەڵدانی بزوتنەوەی شیعری کلاسیکی لە کرمانجی خوارووداا بەهەوێن وەرگرتن بووە لە شیعری کلاسیکی فارسی و کلاسیکی عەرەبی ( تۆفیق، 2012، 150). کەواتە لێرەدا جەخت لەوە دەکاتەوە سەرەتای سەرهەڵدانی ئەدەبی کوردی هەوێنەکەی شیعری کلاسیکی فارسی و شیعری کلاسیکی عەرەبی بووە، بەو هۆیەوە سەرەتای ئەدەبیاتمان لەژێر کاریگەری نەتەوە موسڵمانە دراوسێکانی خاکی کوردستانەوە وەرگرتووە و ڕەنگدانەوەی هەبووە لەسەر بەرهەمی شاعیرەکانمان، لەپاڵ بابەتە فیقهی و مەسەلە دینیەکان دەبینین ئاوڕیشیان لە ئەدەب و بابەتە ڕەوانبێژییەکان داوەتەوە. هەروەها هەندێجار شاعیرانی کورد وشەی عەرەبی و زمانەکانی تریشییان وەک نیشانەیەکی ڕۆشنبیری ئەو سەردەمە بەکارهێناوە، بایەخیان بە وشەسازی و ڕەوانبێژی داوە، فەرهەنگێکی تایبەتی کلاسیکی هەبووە و هەموویان لەسەری ڕۆشتوون ( حەمە کەریم، 1986، 295).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper15 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

(کامیل حەسەن بەسیر) دان بەو ڕاستییەدا دەنێت، کە شیعری سەردەمی نالی و هاوسەردەمەکانی بەزۆری لاسایکەرەوە بوون، هەروەکو دەڵێت: هۆنراوەی کوردی لەو سەردەمەدا بەزۆری لاسایکەرەوە و تەقلیدی بووە، چونکە لە کۆڕی هونەری ڕەسەندا ناشێ بەشداری کەرەکەی توانای هۆنینەوەی هەموو بابەت و مەبەستەکانی هەبێت ( بەسیر، 1980، 221). ئەم ڕوانینەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە شاعیری سەرکەوتوو لەو سەردەمەدا ئەو شاعیرە بووە، کە پێویست بووە لەهەموو جۆرەکانی شیعردا، شعرێک یات کۆمەڵە شیعرێکی هەبێت بۆ ئەوەی بە شاعیری سەرکەوتوو بژمێردرێ، واتە (تاقیکردنەوە) لەو سەردەمەدا بە تاکە سەرچاوەی شیعریی ڕاستەقینە تەماشا نەدەکرا، بۆ نمونە (کوردی) شاعیر لەم بارەیەوە دەڵێت :

وەنییە (کوردی) مایلی ئەو جۆرە ئەتوارانە بێت

لازمە شاعیر لەهەر نەوعێ بڵێ بۆ ئیمتیاز ( بۆرەکەیی، 2008، 614)

کەواتە پێویست بووە ناوەڕۆکی هەمەجۆر لە بەرهەمەکانی شاعیردا هەبێت لەو سەردەمەدا، ئەمەش زیاتر لاسایکردنەوە بووە.

( کامیل حەسەن بەسیر) ڕای وایە، بۆ دەرکەوتنی ئاستی ئەدەبی کوردی نابێت بەراورد بکەین لەنێوان ئەدەبی کوردی و ئەدەبی نەتەوەیەکی تردا، بۆنمونە دەڵێت: ئایا ئەدەبی کوردی لەگەڵ ئەدەبی سۆڤیەتی و فەرەنسیدا هاوتا ئەکرێن تا بڵێین ئەدەبەکەمان بەم پێیە دواکەوتووە، ئەگەر ئەم پێوانەیە ڕاست بێت بۆ پێوانەکردنی ئەدەبەکەمان ئەوا من ڕوو بەڕوو ئەڵێم ئەم پێوانەیە، پێوانەیەکی زۆر سەیرە کە ئەیەوێت زێر و ئاسن پێکەوە لە یەک ڕووەوە بەیەک پێ بەرامبەر بکات. زێر، زێرە و ئاسن ئاسنە کە ناتوانرێ بە هیچ جۆرێک ئاسن و زێر بەیەکەوە بەرامبەری بکرێن و بەو پێیەی کەشتی لێ دروست بکرێت ( بەسیر، 1990، 22).

واتە نوسەر پێی وایە کە بۆ زانینی ئاستی بەرهەمی ئەدەبی نەتەوەکەمان نابێت بەراورد بکەین لە نێوان ئەدەبی نەتەوەکەی خۆت و ئەدەبی نەتەوەیەکی تر، هەروەکو دەڵێت: ئێمە چۆن ئەتوانین قۆناغی مێژووی ئەدەبی سۆڤیەتی و فەرەنسی بکەین، بەدوو وێنە کە لەبەر ڕۆشناییان پلەی پێشکەوتنی ئەدەبی کوردی بپێوین کەوا لە قۆناغێکی مێژوویی ئەوتودا ئەژی کە بەهیچ جۆرێک نە نزیک نەدوور پەیوەندی بە قۆناغی مێژووی ئەدەبی سۆڤییەتیەوە نیە وە ئەدەبی کوردی لە زروفێکی مادی ئەوتۆدا ئەژی کە هیچ لە زروفی مادی فەرەنسی ناچێت ( بەسیر، 1990، 22)، ئێمە تاڕاددەیەک ئەم بۆچوونەی نوسەر بەپەسەند دەزانین، بەڵێ ڕاستە قۆناغی مێژوویی و ماددی ئەدەبی کوردی جیاوازە لە ئەدەبی سۆڤییەتی و ئەدەبی فەرەنسی، دیارترین بەڵگە ئەوەیە کە کوردستان وەکو وڵات سەربەخۆ و خاوەن کیانێکی سەربەخۆی سیاسی نەبووە، وەکو هەریەک لە فەرەنسا و سۆڤییەت، بەڵکو کورد بەشێک یاخود چمکێک بووە لە یەکێک لەدەوڵەتە دراوسێکانی و بەزۆری لکێنراوە بەوڵاتانی دەوروبەرەوە، ئەمەش بەلای نوسەرەوە هۆکارە بۆئەوەی نەتوانین بەراورد بکەین لەنێوان ئەدەبی کوردی و ئەدەبە پێشکەوتووەکانی جیهان.

بەلای ( کامیل حەسەن بەسیر) ئەدەبی کوردی بەئەرک و بەرپرسیارییەتی خۆی هەڵساوە، وەکو هەر ئەدەبێکی زیندوی میللەتانی تری دنیا، پێی وایە وەڵامی ئەم پرسیارە ڕاددەی پێشکەوتنی ئەدەبی کوردی دەردەخات، هەروەها پێی وایە کە ئەدەبی کوردی ڕۆڵێکی دیار و بەرچاوی هەبووە لە پێشخستنی کۆمەڵی کوردەواری، بۆیە هەرکەسێ ڕاستی پەرست بێت و بە چاوێکی بێ لایەنانە تەماشای ئەدەبی کوردی بکات، ئەوا ناتوانێ نکوڵی بەشداری ئەدەبی کوردی بکات لە گۆڕین و برینی ئەو زروفە مادییە و ئەو ئەو قۆناغە مێژووییەدا، بەلای منەوە ئەو بەشدارییە بەڵگەیەکی زیندووە بۆ پێشکەوتنی ئەدەبەکەمان


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper15 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

( بەسیر، 1990، 23)، بەشداریکردنی ئەدەب لە گۆڕینی زروفی ماددی و مێژوویی ئێمە ناڵێین بەڵگە نییە لەسەر زیندوێتی ئەدەبەکەمان، بەڵام لەوانەیە ئەدەبەکەمان بەشدارییەکی زۆر کەمی کردبێت لە گۆڕینی باروزروفی ماددی و مێژوویی نەتەوەکەمان، چونکە پێویستە وێژەی هەموو گەلێک هەنگاو بەهەنگاو لەگەڵ گەلەکەدا بۆ پێشەوە بڕوات ( خاڵ، 1958، 7) بۆیە پێمان وایە مەرج نییە ئەدەبەکەمان لە ئاستێکی پێشکەوتوودا بێت، هەر سەبارەت بەکەمی بەشداریکردنی ڕۆڵی ئەدەبی کوردی لە گۆڕینی باروزروفی نەتەوەی کورد، ( محمد رسوڵ هاوار) دەڵێت: ئەدەبی کوردی، لە مەینەتێکی ئەوتۆدایە پیاو کە بەراوردی ئەکا لەگەڵ ئەدەبی بێگانەدا، بەڕاستی کسپە لە دڵیەوە دێ و موچوڕکە بەلەشیا دێ، هەرچەندە باری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری کورد پەیوەندییەکی زۆری بووە بە دواکەوتنی ئەدەبی کوردەوە و ئیستیعمار و کۆنە پەرست لە ڕۆژانی ڕەشا هەمیشە بەربەرەکانێی پێشکەوتنی ئەدەبی کوردیان کردووە، بەڵام ساردی و کەم تەرخەمی و یەک نەبوونی خۆشمان هۆیەکی گەورەی بووە و دەستێکی باڵای بووە لەم دواکەوتنە ( هاوار، 2008، 56) کەواتە (محمد رسوڵ) سەبارەت بە هۆکاری دواکەوتنی ئەدەبی کوردی دەڵێت جگە لە دەسەڵاتی ئیستیعمار. پێی وایە کە ئەدیبەکانمان کەم تەرخەم و بێباک بوونە هەوڵی زۆریان نەداوە بۆ پێشخستنی ئەدەبی نەتەوەکەمان.

لەوانەیە لەلای میللەتانی تر ئەدەب بەشداری کردبێت لە ڕاپەڕین و بەگژداچونەوەی دەسەڵاتی دەرەبەگایەتی و زۆرداری یان بەشداری کردبێت لە مەسەلە ڕامیارییەکان و ئابوری و کۆمەڵایەتیەکان، تەنانەت ئەدەب دەورێکی کاریگەری هەبووە لە ڕیفۆرمی ئاینی، بەڵام ئەدەبی کوردی بەو ئەندازەیە کارا نەبووە کە ئەو ڕۆڵە کاریگەرەی هەبێت.

لەکۆتایدا ( کامیل حەسەن بەسیر) بەهۆی هەبوونی ئینتیمایەکی زۆر بۆ ئەدەبی نەتەوەکەی بەمشێوەیە سەیری بەرزی و نەمری و پیرۆزی و خۆڕاگری ئەدەبی کوردی دەکات و دەڵێت: (( وێژەی کوردی وەکو چیاکانی کوردستان دێرین و نەمرە (بەسیر، 1987، 27).

## 2) زاراوە و چەمکی ڕەخنەی ئەدەبی لەلای (کامیل حەسەن بەسیر).

### أ)-ڕەخنە:

لەسەرەتادا بەپێویستی دەزانین ئاماژە بەو زاراوانە بکەین کە بۆ ( ڕەخنە) بەکارهاتوون لە ئەدەبیاتی کوردیدا، چونکە زاراوەی جۆراوجۆری بۆ بەکارهاتوون، لەوانە: ( نرخ شناسی*، ڕەخنەسازی**، ڕەخنە***).

وەکو ئاشکرایە وشەی ڕەخنە لەفەرهەنگی کوردیدا بۆ نیشاندان و دەرخستنی لایەنی خراپ و ناشیرینی شت و کەس بەکارهاتووە، بۆ نموونە لەفەرهەنگی (هەنبانە بۆرینە)دا ڕەخنە بە واتای عەیب گرتن، تانە و سەرکۆنە ( شرفکندی، 1376، 357) هاتووە و لە فەرهەنگی (خاڵ)یشدا بە واتای کەلەبەر، سستی (خاڵ، 2005، 224 ) هاتووە، هاوکات لە فەرهەنگی (مەردۆخ)یش هەر بە واتای کون، کەلەبەر، قلیش ( مەردۆخی، 1385، 768 ) هاتووە

---

* عەلاددین سجادی، نرخ شناسی، چاپخانەی مەعارف، بەغدا، 1970. هەروەها مامۆستا عەلادین سەجادی پێشنیاریکردووە کە چەمکی(لێکۆڵینەوە) بەکاربهێنرێت لە بری چەمکی ڕەخنە.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper15 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

هەروەها ( عەلاددین سجادی)ش لە کتێبی ( نرخ شناسی)دا دەڵێت: لە کوردیدا ئەڵێ: ڕەخنەی تێ بووە، واتە کونی تێ بووە. ڕەخنەی لێ ئەگرێ. ڕەخنەبازە: زۆر عەیب گیرە و عەیب لەشت ئەگرێ ( سجادی، 1970، 6 ). کەواتە وشەی ڕەخنە بۆ ئەو کەسانەش بەکارهاتووە کە ڕەخنەیان لەشت یان لەکەسان گرتووە.

زۆرێک لە لێکۆڵەران تەنها زاراوەی ( ڕەخنە)یان بەکارهێناوە، بەڵام ( کامیل حەسەن بەسیر) پێی وایە، کە زاراوەی( ڕەخنە) ناتوانێت واتا و چەمکی لێکۆڵینەوە و پرۆسەی ڕەخنەسازی لەبواری ئەدەبیدا بگەیەنێت، بۆیە دەڵێت: لە زمانی کوردیدا وشەی ( ڕەخنە) و داڕێژراوەکانی تەنیا بۆ دەرخستنی شێوەی (عەیب) و کەم و کوڕی دۆزینەوە بەکارهاتووە ( بەسیر، 1993، 12 ).

بەم پێیە ( کامیل حەسەن بەسیر) پێشنیاری بەکارهێنانی زاراوەی( ڕەخنەسازی) دەکات و دەڵێت: سەرئەنجام بیروڕای ئێمە کە دەبێ بەهۆی ڕێبازی لێکۆڵینەوە و، زاراوەیەکی نوێباوی کوردی بەرامبەر بە ( النقد الادبی) و ( کریتیسیزم) دابنێین و ئەم زاراوەیەش لە وشەی ( ڕەخنە) و، وشەی (ساز) کە لە فەرهەنگی کوردیدا بەواتای ( شتی جوان و ڕێ خراو) هاتووە- دەبێت پێک بهێنرێ و ببێ بەزاراوەی (ڕەخنەسازی)... بەم شێوەیە کاری زاراوەسازیمان لە کەم و کوڕی ( ڕەخنە) و ڕەخنەگر و نرخ شوناسی دوور دەخەینەوە ( بەسیر، 1993، 13 ). دیارە ئەم پێشنیارەی ( کامیل حەسەن بەسیر) جێگای خۆی نەگرتووە و هەر زیاتر خۆی بەکاریهێناوە و کەمتر ڕەخنەگران و ئەدیبان لە لێکۆڵینەوەکانیاندا بەکاریدەهێنن. لەبەرئەوەی زاراوەی ( ڕەخنە) باوە و بەکاردەهێنرێت لەلایەن لێکۆڵەران و ئەدیبانەوە، ئێمەش هەمان زاراوە واتە (ڕەخنە) بەکاردەهێنین لەم لێکۆڵینەوەیەماندا.

( کامیل حەسەن بەسیر) زاراوەی ( نرخ شناسی)ش کە ( عەلاددین سجادی) بەکاریهێناوە، بە پەسەندی نازانێت و دەڵێت: (( وشەی ( نرخ شناسی)یش، وشەیێکی لێکدراوە لە ( نرخ) واتە (القیمە) و ڕەگی چاوگی ( شناستن)ی فارسی، کە واتاکەی (ناسین) و زانیارییە، بۆیە لە سروشتی زانست و هونەری ڕەخنەسازی بەدەرە، چونکە واتا فەرهەنگییەکەی لە زمانی کوردیدا بۆ کاروباری بازرگانی و نرخ دانان و نرخ داشکاندن چەسپاوە و ئەو ئاسۆ فراوانەی نیە کە یاریدەی بدات و بیکات بە زاراوەییکی ویژەیی و هونەری ( بەسیر، 1993، 12 ).

دەربارەی پرۆسە و کاری ڕەخنەی ئەدەبیش ( کامیل حەسەن بەسیر) دەڵێت: خەڵکی کە دەست بە خوێندنەوەی دەقێکی ویژەیی دەکەن، یاخود گوێ لە خوێندنەوە دەگرن، شوێنەوارێکی تایبەتی لە دڵیاندا دەربارەی ئەو دەقە پەیدا دەبێت و لە مێشک و هۆشیاندا دەنگ- دەداتەوە. ئەو شوێنەوارە تایبەتیە دەشێت چاک بێت و ببێت بەهۆی بەرزکردنەوەی پلەی دەقەکە و، دەشێت خراپ بێت و سەرئەنجام پلەی هەمان دەق نزم بکاتەوە. ئا ئەم شوێنەوارە تایبەتیە- بێ گومان- سەرچاوەی لەدایک بونی ڕەخنەسازییە و، بناغەی ئەو تێبینی و بیروڕایانەیە، کە خەڵکی ئاراستەی دەقە خوێنراو و گوێ لێ گیراوەکەی دەکەن ( بەسیر، 1993، 4 ).

** کامیل حەسەن بەسیر، مێژووی ڕەخنەسازی، بەشی یەکەم، دار الحریە اللطباعة- بغداد، 1993.

*** لێکۆڵەران بەگشتی ئەم چەمکەیان بەکارهێناوە لە لێکۆڵینەوەکانیاندا. بیە ئێمەش هەر ئەم چەمکە بەکاردەهێنین.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper15 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

وەک دیارە نوسەر سەرەتای کاری ڕەخنەیی بەکاریگەری دەقی ئەدەبی لەسەر خوێنەر دیاریدەکات، واتە باسی لەو بەیەکگەیشتن و بەریەککەوتنەی داهێنەری دەقی ئەدەبی و خوێنەر دەکات، ئەو سەرەتایە دەکات بەهەنگاوی یەکەمی لە دایکبونی سەرچاوەی ڕەخنەی ئەدەبی.

نوسەر ئەم بۆچوونەی ڕاستە و لەجێگای خۆیەتی کە ڕەخنەی ئەدەبی دوای دەقی ئەدەبی دێتەکایەوە، هەروەکو دەڵێت: لەدایکبونی ڕەخنەسازی هەر نەتەوەیەک بەندە بەلەدایکبونی هۆنراوەی ئەو نەتەوەیە ( بەسیر، 1983، 32 ).بێگومان سەرەتای لەدایکبونی دەقی ئەدەبی شیعر بووە، هەربۆیە نوسەر دەڵێت: ڕەخنەسازی لەگەڵ لەدایکبونی هۆنراوەدا دێتەکایەوە و یەکەم ڕەخنەساز پاش گوێگرتن، یاخود خوێندنەوەی بەرهەمی یەکەم هەستیار تێبینیە ڕەخنەسازییەکانی دەچەسپێنێ و بەردی بناغەی سامانی نەتەوایەتی لەم کوڕەدا بنیات دەنێت ( بەسیر، 1980، 196 ). ئەم تێڕوانینەی (کامیل حەسەن بەسیر) سەبارەت بەوەی کە بەرهەمی ڕەخنەیی بۆخۆی دەبێتە بەشێک لە سامانی نەتەوایەتی، ئەم تێڕوانینەی نوسەر تێڕوانینێکی گرینگە، چونکە کاری ڕەخنەی ئەدەبی لەسەر دەقی ئەدەبی نەتەوایەتی دەبێتە بەشێکی گرینگ لە ئەدەبی ڕەسەنی نەتەوە. بە دیوێکی تردا دەکرێ ئەو تێڕوانینەی وا لێکبدرێتەوە کە کار و پرۆسەی ڕەخنەیی دەبێت لەسەر ئەدەبی نەتەوایەتی بەدی بهێنرێ و ئەنجامبدرێت نەک لەسەر ئەدەبی میللەتانی تر، بەتایبەتی بۆ ئەو ڕەخنەگرانەی کە پسپۆڕیان لە ئەدەبی میللەتانی تردا هەیە. هەربۆیە ( کامیل حەسەن بەسیر) دەڵێت: ڕەخنەسازی هۆی سەرەکی پێگەیشتن و خەملاندنی وێژەیە و ڕەخنەسازە ڕاستەقینەکان هەمیشە ڕابەری وێژەرانیان لەکۆڕی جێبەجێکردنی داخوازی نەتەوەکانیاندا کردووە ( بەسیر، 1981، 6 ).

دیارە نوسەر ئاگاداری ئەو ڕاستییەیە کە بوونی قوتابخانەی جۆراوجۆر و میتۆدی ڕەخنەیی جۆراوجۆر هۆکارێک بوون کە نەتوانرێت پێناسەیەکی چەسپاو و جێگیر بۆ ڕەخنەی ئەدەبی و کاری ڕەخنەیی بێتە بەردەست ، لەم بارەیەوە دەڵێت: ڕەخنەسازی لەبەرئەوەی کارێکی بیری و هۆشمەندی و سۆزییە نەتوانراوە تا ئێستا ئاکامێکی سنوردار و یەکگرتووی دوور لە مشتومڕی زانا و ڕۆشنبیران بۆ ڕەچاوبکرێت ( بەسیر، 1981، 3 ). هەروەها دەڵێت: ڕەخنەسازی جیهانی کە بۆ هەموو میللەتێک و هەموو سەردەمێک گونجاو بێت نییە و نابێت ببێت، بەڵکو دەبێت بۆ هەر سەردەمێک بۆ هەر میللەتێک، بۆ هەر ژینگەیەک، ڕەخنەسازییەکی تایبەتی هەبێت ( حەسەن، 2015، 233 ). تەنانەت بەهۆی ئەوەی کە کاری ڕەخنەیی بەشێکی پەیوەندی بەچێژ و چەشەی ڕەخنەگرەوە هەیە، بۆیە لە ڕەخنەگرێکەوە بۆ ڕەخنەگرێکی تر گۆڕانی بەسەردا دێت چونکە ڕەخنەسازی وەکو بەرهەمێکی هونەری و زانستی و جیهانی کە بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە و بەکارتێکردنی چەند هۆیێکی ڕۆشنبیری و ڕامیاری و ئابوری پەرەی سەندووە، سەردەم بە سەردەم گۆڕاوە ( بەسیر، 1993، 49). بێگومان ڕاستە کە میتۆدەکانی ڕەخنەی ئەدەبی زادەی هەلومەرجی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری جیاوازن، هەر لەبەرئەوەشە هەر میتۆدێکی ڕەخنەیی تێڕوانینی تایبەتی خۆی هەیە بۆ شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی دەقی ئەدەبی، واتە هەر میتۆدێکی ڕەخنەیی لە گۆشەنیگا و کلاوڕۆژنەی خۆیەوە بەرهەمی ئەدەبی شیدەکاتەوە و ڕەهەندە جیاوازەکانی تێکستەکە هەڵدەسەنگێنێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناکرێت هیچ جۆرە پێناسەیەکی بۆ نەکرێت، هەر هیچ نەبێت پێناسەیەک کەچەمکە گشتییەکانی ڕەخنەی ئەدەبی لەخۆ بگرێت.

دیارە ئەمە ئەوە ناگەیێنێ کە ڕەخنەی نەتەوایەتی سود لە ڕەخنەی ئەدەبی میللەتانی تر وەرنەگرێت، بەو پێیەی هەروەک چۆن کاریگەری ئەدەبی لە نێوان میللەتاندا دیاردەیەکی ئاساییە بۆ ڕەخنەگرانیش ئاساییە کە سودیان لە سەرچاوە


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper15 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

ڕەخنەییەکانی میللەتانی تر وەرگرتبێت و وەریشی بگرێت، بەڵام لەسنورێکدا که هەر لەبازنە و چوارچێوەی ئەدەب و ڕەخنەی نەتەوایەتیدا بمێنێتەوە، هەر بۆیە ( کامیل حەسەن بەسیر) دەڵێت: ڕەخنەسازی وەکو بەرهەمێکی جیهانی هاوچەرخ دوو ڕێچکەی مێژوویی هەیە: ڕێچکەی یۆنانی و ڕۆمانی، ڕێچکەیەکی عەرەبی دێرین، ڕێچکە یۆنانی ڕۆمانیەکە لە ڕووی تەمەنەوە لە ڕێچکەی عەرەبییە دێرینەکە کۆنترە ( بەسیر، 1983، 7 ). جا سود وەرگرتن لەم دوو ڕێچکە ڕەخنەییە دەبێت بە ئاسایی ببینرێت بەو پێیەی کە ڕەخنە، ڕەگێکی گشتی و جیهانی پێوەیە نابێت گۆشەگیر بێت و لەچوارچێوەیەکی تەسکی ناوچەیەک یان نەتەوەیەک بخولێتەوە، سەرئەنجام ئەگەر هات و سودی لەتاقیکردنەوەی ڕەخنەسازی جیهانی وەرگرت بەهیچ جۆرێک نابێت ئەم سود وەرگرتنە بەلاسایکردنەوە و نارەسەن لە قەڵەم بدرێت ( بەسیر، 1981، 7 ).

هەروەک چۆن ناشێت، ڕەخنەسازی کە بە بۆن و بەرامەی هونەری قوڵپ دەدات و بەچەشە و چێژی نەتەوەیەک ڕەنگدەداتەوە ناشێ بەلەبەرکردنی بەرگی بێگانەی نانەتەوایەتی نیشانەی نارەسەنی بدرێتێ ( بەسیر، 1981، 7 )، هەر ئەم بۆچونانەی ( کامیل حەسەن بەسیر) وای کردووە کە بڵێت، هەست بە مەسئولیەتێک ئەکەم لەبەردەم ئەدەبی کوردیدا (بەسیر، 1960، 100). دیارترین بەڵگەش بۆئەوەی کە بیسەلمێنێ کە هەستی بە بەرپرسیارییەتی کردووە بەرامبەر بە زمان و ئەدەبی نەتەوەکەی خۆی کە (زمان و ئەدەبی کوردی) ئەوەیە لەگەڵ ئەوەی کە پسپۆڕی لە ئەدەبی عەرەبیدا هەبووە، بەڵام بایەخێکی زۆری بە زمان و ئەدەبی کوردی داوە و چەندین لێکۆڵینەوەی بەپێز و گرنگی پێشکەش بە نەتەوەکەی کردووە.

بەم پێیە ( کامیل حەسەن بەسیر) بەرەو گەڵاڵەکردنی چەمکی ڕەخنە هەنگاوی ناوە و بەلایەوە، ڕەخنەسازی نەهونەرێکی ڕووتە و نەزانستێکی پەتییە، بەڵکو کارێکی ژیری و چەشەییە لە ئاوێنەی گیانی داهێنانی هونەر تیشکی دەستوری زانست ئەنجامدەدرێ ( بەسیر، 1981، 6 ). ڕەخنە لەلایەکەوە چوارچێوەیەکی زانستی هەیە کە کۆمەڵێک بنەما و پرەنسیپ هەیە پێویستە ڕەخنەگر پەیڕەوییان لێبکات و لێیان لانەدات، هەم بابەتێکی هونەریشە، لەبەرئەوەی کاری ڕەخنە پەیوەندی بە چەشە و چێژی ڕەخنەگرەوە هەیە،

چونکە ڕەخنەسازی مامەڵە لەگەڵ وێژەدا دەکات و وێژەش بەبێ مشتومڕ هونەرێکە، هونەریش بێگومان ئاوێنەی هەست و نەست و سۆز و هەڵچون و چەشە و چێژ و تێڕوانینی نەتەوەیەکە کە بوون و قەوارەکەی بەگوێرەی قۆناغی مێژووی باری ئابوری و سامانی دێرینی شەقڵی تایبەتی خۆی وەردەگرێ ( بەسیر، 1981، 5 ). لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کاری ڕەخنەیی بەر لە هەموو شتێک چالاکییەکی خودییە پتر پشت بە چەشەی ئەدەبی و وردبینی ڕۆشنبیری خودی دەبەستێت ( خفاجی، 1995، 16). چونکە هەروەکو پێشتر ئاماژەمان پێکرد بەشێکی یاخود لایەنێکی کاری ڕەخنەیی پەیوەندی بە هەڵوێست و چەشەی خوێنەر و گوێگرەوە هەیە بەرامبەر بە بەرهەمێکی ئەدەبی.

هەموو ئەو بۆچوونانەی ( کامیل حەسەن بەسیر) هەڵگری ئەو ڕاستیەن کە کاری ڕەخنەیی پێویستی بە کۆزانین ( مەعریفە) هەیە، واتە ڕەخنە خۆی زانستێکە و چەند زانستێکی تر دەگرێتە خۆی و تێکەڵ کراون، بۆیە ئەبێت ڕەخنەگر لێکۆڵەرێکی ئەدەبیی شارەزابێت و زانیاری باشی دەربارەی مێژووی ئەدەب و تیۆری ئەدەبی میللەتەکەی و میللەتانی تر هەبێت و سەرباری ئەوەش کە چێژ لێوەرگرێکی ئەدەبیشە پێویستە زانیاری لەبوارە جیاجیاکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و ڕۆشنبیریدا هەبێت و شارەزاییەکی گشتیشی لە زانستە مرۆیی و زانستەکانی دیکە هەبێت. هەروەها ڕەخنەگر بەهۆی سەلیقە و توانا و کارامایی خۆیەوە دەتوانێت بەرهەمی خراپ لە بەرهەمی چاک جیابکاتەوە.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper15 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

دەربارەی زمان و ئاستی هونەری و ئەدەبی ڕەخنەی ئەدەبی ( کامیل حەسەن بەسیر) ڕای وایە کە دەربڕینی زمانی هونەریی لە ڕەخنەسازی زانستیدا واتایی و جوانکاریی و بەهاداری لە گەیاندنی ناوەڕۆک و بیرۆکەی وێژە دەگەیەنێ (بەسیر، 1990، 109 ). ئەمەش ڕاستە بەرهەمی ڕەخنەیی نابێت بە زمانێکی سادە بێت، بەڵکو دەبێت بە زمانێکی ڕۆشنبیری باڵا و بە زمانێکی ئەدەبی بەرز بێ، چونکە بەرهەمی ڕەخنەی ئەدەبی دەبێتەوە بە بەشێک لە بەرهەمی ئەدەبی هەر میللەتێک کە تیایدا بەرهەم دێت.

دیارە ( کامیل حەسەن بەسیر) ئاگاداری ئەو ڕاستیەش بووە کە دیارترین خاڵی جیاکەرەوەی ڕەخنەی ئەدەبی لە ئەدەب خۆی تەنها زانستی بوونی ڕەخنەیە و ڕەخنە بە تەنیا هونەرێکی پەتی نیە بۆیە دەڵێت: ڕەخنەگر دەبێت خۆی ببەستێ بە دەستورەکانی ئەو زانستانەی کە پەیوەندیێکی ڕاستەوخۆی یاخود ناڕاستەوخۆیان بەکارەکەوە هەیە ( بەسیر، 1993، 7 ). بەم پێیە ڕەخنە وەک زانستێک بەپێی پێویست سود لەهەموو زانستەکانی تر وەردەگرێت، لەوانە: وەکو زانستی کۆمەڵناسی دەروونناسی و کۆمەڵایەتی...هتد.

لەکۆتایدا ( کامیل حەسەن بەسیر) دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە پێناسەیەکی گشتی بۆ ڕەخنەی ئەدەبی گەڵاڵە بکات و دەربارەی بڵێت ڕەخنەسازی زانست و هونەرێکی لێکدراوە کە بەهۆی دەستورەکانی و توانای تایبەتی و چەشەی ئەنجامدەرەکەیەوە دەتوانرێ تێکستی ئەدەبی چاک لە تێکستی ئەدەبی خراپ جوێ بکرێتەوە و واتای ڕاست و ناڕاست دەستنیشان بکرێت و ئەو شوێنانەی کە هەڵەن بەهۆیەوە بدۆزرێتەوە ( بەسیر، 1983، 3 ). واتە ڕەخنە بە تەنها دەستنیشانکردنی لایەنە خراپەکانی دەق نیە، بەڵکو ئاماژە بە لایەنە جوانەکانیش دەکات لەمەشدا ڕەخنەگر پشت بە زانستە جیاجیاکان و باکگراوندی ڕۆشنبیری خۆی و چێژ و سەلیقەی ئەدەبی خۆی دەبەستێ، بەهۆیەوە بەرهەمی ڕەسەن لەبەرهەمی ناڕەسەن جیادەکاتەوە.

کەواتە کاری ڕەخنەی ئەدەبی بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە تێکستە ئەدەبییەکان، واتە شیکردنەوە و دەرخستنی ڕەگەز و هونەرەکانی تێکستی ئەدەبی، ئینجا نیشاندانی لایەنی جوان و ناشیرینی ئەو تێکستە و هەڵسەنگاندن و حوکمدان بەسەر تێکستەکەدا بەپێی ئاستی داهێنان و بەهای هونەری دەقەکە. کاری ڕەخنەیش بەداهێنانی دووەم یان (داهێنان لەسەر داهێنان) دادەنرێت لەدوای تێکستی ئەدەبییەوە، چونکە ڕەخنەی ئەدەبی ڕاستەقینە بریتییە لە خوڵقاندنی تێکستێکی هاوشان بە تێکستە ئەدەبیەکە واتە تێکستی ڕەخنەیی داهێنەرانە دەتوانێت بەیەکسانی و بەتەریبی هاوشانی تێکستە ئەدەبییە داهێنەرەکە بڕوات. چونکە ڕەخنە هەست و هزر و ئەزمونێکە کە سەرچاوەکەی دەقی ئەدەبییە و پاشان کاری ڕەخنە هەڵسەنگاندن و بڕیاردانە بەسەر دەقی ئەدەبیدا.

ڕەخنەگر لەکاتی هەڵسەنگاندنی دەقی ئەدەبیدا چەند پێوەرێک هەیە، کە پێویستە بۆ پەیڕەکردنی کارە ڕەخنەییەکەی پێڕەوی لێ بکات، تاوەکو شێوەیەکی زانستی وەربگرێت، لەوانە: ئەمانەتی زانستی و شێوازی زانیاری و دەربڕینی ناسک و دوورکەوتنەوە لە هەست بریندارکردن و توانج تێگرتن مەرجە سەرەکییەکانی نوسینی وتاری ڕەخنەسازین ( بەسیر، 1985، 41 ). لەپاڵ ئەوانەشدا ڕەخنەگر پێویستە پێڕەوی میتۆدێکی زانستی لەسەر تێکستەکە بکرێت.

دیارە هەموو کارێکی ڕەخنەیی بەلای ( کامیل حەسەن بەسیر) مەرج نیە لە خزمەتی ئەدەب و داهێنەردا بووبێت، بەڵکو هەندێک جار ڕەخنەی ئەدەبی لە جیاتی سود گەیاندن بە دەقی ئەدەبی و بە داهێنەرەکەی دەبێتە مایەیی بێهێزکردن و بێپێزکردنی دەقی ئەدەبی هەر بۆیە دەڵێت: وێژە چ هۆنراوە بێت، چ پەخشان بەرهەمێکی ئیجابییەو ئاکامێکی خولقێنراو دەدات بەدەستەوە،


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper15 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

ڕەخنەسازی بابەتێکی سلبییە، بەرەنگاری ویژە دەبێت، بەرهەمەکانی هەڵدەسەنگێنێت. ڕەنگە هەندێ جاریش ئیجابی بێت و ڕێگای خولقاندنی ویژەی بەنرخ پیشان بدات ( بەسیر، 1993، 15 ).

## ب) ڕەخنەگر :

بەرلەوەی بێینە سەر باسکردنی ئەرک و گرنگی ڕەخنەگر لە پرۆسەی ڕەخنەییدا لەلای (کامیل حەسەن بەسیر)، ئەوا پێویستە سەرەتا ئاماژە بەوە بکەین کە هەروەکو چۆن ( کامیل حەسەن بەسیر) بۆ یەکەمجار زاراوەی (ڕەخنەسازی) بەرامبەر بە زاراوەی ( ڕەخنە) بەکارهێناوە، بەهەمان شێوەش بۆ یەکەمجار زاراوەی (ڕەخنەساز)ی بەرامبەر بە زاراوەی( ڕەخنەگر) بەکارهێناوە و لای خۆیەوە چەسپاندویەتی و لەم بارەیەوە دەڵێت: شان بەشانی زاراوەی ( الناقد) زاراوەی (ڕەخنەساز)مان بۆ دێتە کایەوە ( بەسیر، 1993، 13 ). کەواتە (ڕەخنەساز) لای ( کامیل حەسەن بەسیر) بەرامبەرە بە (الناقد)ی عەرەبی و (critic)ی ئینگلیزی، هەروەها لە زمانی کوردیدا زاراوەی (ڕەخنەگر)یشمان هەیە. کەواتە هەم زاراوەی (ڕەخنەسازی) و هەم زاراوەی (ڕەخنەساز) (کامیل حەسەن بەسیر) خۆی دایڕشتوون و لە لێکۆڵینەوەکانیدا بەکاریهێناون، بەڵام هەروەکو پێشتر ئاماژەمان پێکرد نە زاراوەی ( ڕەخنەسازی) و نە زاراوەی( ڕەخنەساز) شوێنی خۆی نەگرتووە لەلای ئەدیبان و لێکۆڵەرانی ترو بەکارنەهێنراوە. ئێمەش بەهەمان شێوەی لێکۆڵەران و ئەدیبانی تر زاراوەی ( ڕەخنەگر) بەکاردەهێنین لە لێکۆڵینەوەکەماندا.

دوای چەسپاندنی زاراوەی ( ڕەخنەساز) لای خۆی، پاشان باسی ئەو ساتە دەکات کە یەکەم ڕەخنەگر تیایدا لەدایکدەبێت لەم بارەیەوە دەڵێت: یەکەم ڕەخنەساز لەسەر ئەم زەوییە، دوا بەدوای یەکەم هەستیار ( شاعیر) لەدایکبوە... واتە: لە هەموو میللەتێکدا کە هەستیاری یەکەم هەڵکەوت، هۆنراوەی هۆنیەوە و بەرهەمەکانی بڵاوکردەوە و خەڵکی گوێیان لێگرت. لە هەمانکاتدا- ماوەیەکی کەم- ڕەخنەسازێکی هاوزمان و هاوکات و هاونیشتیمانی ئەو هەستیارە لەدایکبوو، دەستیکرد بەهەڵسەنگاندنی بەرهەمی ئەو هەستیارە و ڕونکردنەوەی لایەنی چاکە و خراپەی بەرهەمەکانی... ئەم ڕاستیە مێژووییە- بێگومان- قۆناغی یەکەمی چیرۆکی لەدایکبونی ڕەخنەسازی دەست نیشان دەکات ( بەسیر، 1993، 26 ).

بەو پێیەی کە مێژووی لەدایکبونی کاری ڕەخنەیی دەکەوێتە دوای لەدایکبونی دەقی ئەدەبی، بەهەمان شێوە کاری ڕەخنەگریش دەکەوێتە دوای بەرهەمی ئەدەبی شاعیر و ئەدیب، لەبەرئەوە ئەبێ ڕەخنەگر هەمیشە ئەوەی لەیادبێ کە قسەکانی ئەو، واتە: نرخاندن و هەڵسەنگاندنەکەی، ئەکەوێتە مێژووی دوای هاتنە دنیای بەرهەمێکی هونەری و ئەدەبییەوە، واتە لەدوای ئەوەوەیە ( باقی، 1998، 72 ). یەکەمین ڕەخنەگر ئەو کاتە لەدایک دەبێت کە دەقێکی ئەدەبی دەخوێنێتەوە، ئا لەو کاتەدا ڕاوبۆچوونی خۆی دەردەبرێت بەرامبەر بە دەقەکە، هەروەکو چۆن ڕەخنە لەسەرەتادا تاوەکو گەیشتووە بەم قۆناغەی ئێستای بێگومان بەچەندین قۆناغدا تێپەڕیوە، چونکە لەسەرەتادا ڕەخنە سەرپێی و نازانستی بووە بەرەبەرە چوارچێوە و شێوەیەکی زانستی بەخۆوە گرتووە، واتە ڕەخنە لە قۆناغەکانی سەرەتاییدا سادە و ساکار و سەرپێی بووە و ڕەنگە لەسەرەتادا تاقە وشەیێکی خۆشحاڵی، یاخود ناڕەزایی بوویێت، ئەمجا وردە وردە پەرەی سەندو خەمڵا و بەدەربڕینی جۆر بەجۆر خۆی نواند و گەیشتە قۆناغێکی تازە( بەسیر، 1993، 26 ). هەروەها ( عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ)یش پشتگیری ئەم بۆچوونەی نوسەر دەکات و ڕای وایە کە زانستی ڕەخنەی ئەدەبی، لای هەموو نەتەوەیەک وەکو هەموو زانستێکی تر، سەرەتا لەبیرێکی بچوکی سادەوە دەست پێدەکات، پاشان جێگەی خۆی دەگرێ وبەپێی گۆڕینی کۆمەڵایەتی و پلەی ئابوری کۆمەڵیش دەگۆڕێ ( رسول، 1972، 45 ). بەهەمان شێوەی ڕەخنە، ڕەخنەگریش لەسەرەتادا بۆچوونەکانی سەرەتایی و سەرپێی بووە، بەچەندین قۆناغدا تێپەڕیوە تاوەکو فۆرمێکی تایبەت دراوە بە ڕەخنەگر.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper15 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

دەربارەی پرۆسە و کاری ڕەخنەیی و کەسی (ڕەخنەگر)یش ( کامیل حەسەن بەسیر) کۆمەڵێک تایبەتمەندی بۆ دیاری کردووون کە بریتین لەمانە:

یەکەم: خوێندنەوەیەکی قوڵ و گوێ گرتنێکی هۆشمەندییانە لە دەقێکی وێژەیی کە هۆی بنیاتنانی پەیوەندییەکی هەست و نەستی یە لەنێوانی ئەو دەقە و گوێگر و خوێنەرەکەی دا.

دووەم: چێژ وەرگرتن لەو دەقە و بەیەکاچوون لەگەڵی دا.

سێیەم: لێکدانەوەی مەبەستی دەقەکە و شیکردنەوەی توخمەکانی و دەستنیشانکردنی سروشتی هەموو لایەنەکانی- لە وشە و، ڕستە و دارشتنی گشتی و واتا و ئەندێشە و سۆز و، پشت بەستن لەم کارە هونەری و زانیارییە بە زمان و ڕێزمان و ڕێنوس و ڕەوانبێژی و دەروون و کۆمەڵگا و ئابووری.

چوارەم: دەستنیشانکردنی جوانی و ناجوانی و ڕاست و چەوتەکانی ئەو دەقە لەبەر تیشکی ئەو دەستورانەی کە بە جۆرێکی ئەکادیمی دەربارەی چەشنی ئەو دەقە لەلایەن پسپۆڕەکانەوە چەسپێنراون.

پێنجەم: چەسپاندنی حوکمێک و وەرگرتنی بڕیارێک دەربارەی پلە و نرخی ئەو دەقە وێژەیی یە، پاش بەراوردکردنی لەتەک دەقە هاوچەشن و سەردەمەکانی دا.

شەشەم: دەربڕینی ئەو هەنگاوانە هەموویان بەشێوازێکی ڕاست و ڕەوان و کاریگەر ( بەسیر، 1993، 5- 6 ).

ئەم خاڵانەی ( کامیل حەسەن بەسیر) خستونیەتە بەردەست گرینگی و بەها خۆیان هەیە، دەکرێت لە هەر یەکێک لەو خاڵانەدا کۆمەڵێک ڕاستی دەربارەی کاری ڕەخنەیی بەدەست بهێنین، هەر دوور نەڕۆین لە خاڵی یەکەمدا ئەو ڕاستیە دەخاتە بەردەست کە کاری ڕەخنەیی کارێکی سەرپێیی نییە و نابێت ببێت، بەڵکو پێویستە ڕەخنەگر وشیارانە مامەڵە لەگەڵ دەقی ئەدەبیدا بکات تێکەڵاوی ئەو دەقە ئەدەبیە بێ کە کاری تیادا دەکات. هەر بۆیە یەکێک لە بنەماکانی کاری ڕەخنەیی سەرەتا چێژ وەرگرتنی کەسی ڕەخنەگرە لە دەقی ئەدەبی بە واتایەکی تر خودی ڕەخنەگر دەبێت کەسێکی ئەدەب دۆست و چێژ لێوەرگری ئەدەبی بێ، نەک دوور بێ لە جیهانی ئەدەبی. ئینجا ڕەخنەگر دەبێت هەوڵبدات پەی بەنهێنیەکانی دەقەکە ببات و ڕەمزەکانی ناو دەقەکە شیبکاتەوە ( واتە پێویستە پەی بە نهێنیەکانی ئەدیب ببات و شیکردنەوە بۆ ڕەمزەکان بکات، کە ئەوە ئەرکی سەرەکی ڕخنەگرە)، بۆ ئەمەش هەروەکو پێشتر ئاماژەمان پێکرد دەبێت ڕەخنەگر خاوەنی کۆزانین بێت لەزۆرێک لەزانستەکان و خاوەنی پێشینەیەکی ڕۆشنبیری فراوانی بێت، خاڵی چوارەم جەخت لەسەر ئەو ڕاستیە دەکاتەوە کە ڕەخنە تەنها لایەنی ناشیرینی و ئاستی خراپی دەق ناگرێتەوە، بەڵکو دەبێت ڕەخنەگر لەپاڵ لایەنی ناشیرینی دەقەکە دەستنیشانی لایەنی جوانی و سەرکەوتویی و بەرزی ئاستی هونەری دەقەکە بکات. دوای دەستنیشانکردنی لایەنی جوانی و ناجوانی دەقەکە ئینجا ڕەخنەگر بڕیار لەسەر پلە وئاستی هونەری دەقەکە دەدات، ئەم بڕیاردانەش دوای بەراوردکردنی بەدەقە هاوشێوە و هاوسەردەمەکانی دێت. لەکۆتایدا پێویستە ڕەخنەگر ئەم هەنگاوانە بەشێوەیەکی زنجیرەیی و ڕیزبەندی و بەدوای یەکتردا جێبەجێ و پەیڕەو بکات. لەڕاستیدا ئەم هەنگاوانەی کە (کامیل حەسەن بەسیر) ئاماژەی پێکردوون خاڵی بنەڕەتیی و گرنگن لەپرۆسەی ڕەخنەییدا، کە پێویستە لە ڕەخنەگری سەرکەوتوودا هەبێت بۆ ئەوەی کارە ڕەخنەییەکەی باوەڕپێکراو بێت و شێوەیەکی زانستی هەبێت.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper15 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

بەڵام سەربارى ئەو خاڵانەى كە (كامیل حەسەن بەسیر) ئاماژەى پێكردوون كە پێویستە لە پرۆسەى ڕەخنەییدا هەبن، ئەوا خاڵى تریش هەیە كە پێویست ڕەخنەگر ڕەچاوییان بكات بۆئەوەى كارە ڕەخنەییەكەى شێوەیەكى زانستى هەبێت، لەوانە پێویستە ڕەخنەگر لە كارە ڕەخنەییەكەیدا پەیڕەوى میتۆدێكى زانستى بكات، تاوەكو كارە ڕەخنەییەكەى شێوەیەكى زانستى هەبێت، چونكە پەیڕەكردنى میتۆد دورمان دەخاتەوە لەپەرش و بڵاوى، لەلایەكى تریشەوە زووتر دەمانگەیەنێتە ئەنجام.

(كامیل حەسەن بەسیر) هەر سەبارەت بە پێگە و گرنگى ڕەخنەگر لە پرۆسەى ڕەخنەییدا دەڵێت ڕەخنەساز ئەندازیارى وێژەیە: بەواتاى ئەوەى ئەركى ڕاستەقینەى چەسپاندنى بناغە گشتیەكانى لەدایک بوونى بەرهەمى وێژەرى پێویستە) (بەسیر، 1981، 6 ). لەبەرئەوە ڕەخنەساز لەهەموو تەقەلایەكى دا دەیەوێت بگاتە نمونەى هەرە بەرز تەواوى وێژە ( بەسیر، 1993، 47 ). دەتوانین بڵێین ئەم بۆچوونەى نوسەر ڕەنگدانەوەى بۆچوونى (هۆراس)ە، چونكە ( هۆراس) ڕەخنەگر بە ڕێنمونیكەر و ڕێ نیشاندەرى شاعیران دەزانێت، هەروەها پێى وایە ڕەخنەگر یارمەتى شاعیران دەدات بۆ ئەوەى بەرهەمى باش و بەچێژ و ناوازە پێشكەش بكەن، هەروەكو دەڵێت: پیاوى ئەمین و زیرەک پەردە لەسەر شیعرى لاواز لا ئەبات و ڕەخنە لە شیعرى ڕەزا قورس ئەگرێ و نیشانە لەسەر شیعرى خراپ دائەنێ و خۆى لە باق و بریقى بێ سود دوورئەگرێ و داوات لێ ئەكات عیبارەتە تەم و مژاوییەكان ڕوون بكەیەوە و ئیشارەت بۆ ئەوانە ئەكات كە پێویستە بگۆڕدرێن ( عەزیز، 1979، 36 ). بەم جۆرە ڕەخنەگر دەبێتە ڕابەر و پێشەنگى وێژەران، ڕەخنە هەرچەندە زادەى پەرەسەندن و پێشكەوتنى ئەدەبە، بەڵام دەتوانێ كارێكى گەورە بكاتە سەرنوسەران تاڕادەى ئەدەبەكەیان بەرزتر بكەنەوە كە ڕەنگە بیگەیەننە ڕاددەى داهێنان، ئەمە ئەگەر ئەو ڕەخنەیە پەسەند و مەوزوعى بوو وە لەسەر پێوانەى نوێى ڕەخنەگرى بنیات نرابوو ( رسول، 1981، 39 ). بۆیە پێویستە كە ڕەخنەگر شارەزایەكى باشى لە بابەتە ئەدەبیەكەدا هەبێت كە هەڵیدەسەنگێنێ و هۆشیارى تەواوى لە پەرەسەندنى قۆناغەكانى ئەدەبى هەبێت، بێگومان ئەم ڕۆشنبیریەش لە ئەنجامى ئەزمونى كەسیى ( شەخصى) و ئەزموونى كەسانى ترەوە بەدەست دەهێنرێت. بەشێوەیەكى بابەتییانە سەرنجى دیاردە ئەدەبییە نوێیەكان بدات ڕوناكییان بخاتە سەر لەو كارەشدا تەنها لایەنى داهێنان و جوانى و ڕاستى بگرێت و لەبەردەم خوێنەراندا هەست بە بەرپرسیارییەتى بكات، كەواتە كارى ڕەخنەگر ئەوەیە بەشێوەیەكى بابەتییانە مامەڵە لەگەڵ دەقدا بكات، بۆ ئەوەى وەكو سەركردە و پێشەوا بناسرێت بۆ ئەدیبان.

ڕەخنەگر بۆ ئەوەى بگاتە ئاستى باڵا و هەرە بەرزى هونەر و ئەدەب، ئەوا پێویستە لەگەڵ كارە ئەدەبییەكەدا بتوێتەوە و بچێتە قوڵایى و نهێنیەكانى بدۆزێتەوە و بەهاكانى بەدەربخات، بێگومان ئەم كارە گرنگەى ڕەخنەگر هەڵبەت دەبێت بەگوێرەى بیردۆزەیەكى هەمیشە پێشكەوتوو و ئەنجامبدرێت و نابێت بەبۆچوونى كەسى و سۆزى كاتى و ئەنجامى قۆناغەى نوكى قەڵەمى بۆ بەكاربهێنرێت( بەسیر، 1983، 3 ). كەواتە دەبێت ڕەخنەگرى دڵسۆز و ڕاستەقینە بەشوێن سەرە داوى ئەو نهێنیەدا بگەڕێ، كە دەیگەیەنێتە دۆزینەوە و دەرخستنى ئەو داهێنانەى كە لە بەرهەمە ئەدەبییەكەدا هەیە، چونكە ڕەخنەگر ئەندازیارى بزوتنەوەى مێژووى میللەتەكەیەتى: ڕێ و شوێن و پەرەسەندنى ئەم بزوتنەوەیە دابین دەكات و زەمینەى خەملاندنى ئامادە دەكات و سەرچاوەكانى سازدەكات و ئاكامەكانى بژاردەكات( بەسیر، 1983، 3 ).

(كامیل حەسەن بەسیر) ئاماژەى بەچەند خاڵێكى بنەڕەتى و گرنگ كردووە، كە پێویستە لە كەسى (ڕەخنەگر)دا بوونى هەبێت، بۆ ئەوەى كارەكەى مۆركى زانستیبوونى پێوە دیار بێت و بچێتە چوارچێوەى بابەتى ڕەخنەسازییەوە، ئەوانیش ئەمانەن:

یەكەم: ڕەخنەساز دەبێت خاوەن مێشكێكى وریا و هۆشیاربێت و بەهیچ ڕەنگێ كەللەڕەق و مانگر نەبێت.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper15 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

دووەم: زەین ڕۆشن و بیرتیژبێت.

سێیەم: ڕەخنەساز دەبێت دەست بەجێ و زوو بەزوو بەدەم هەموو شوێنەوارێکەوە بچێت کە پەیوەندی بەو دەقە ویژەییەوە هەیە، کە خەریکی هەڵسەنگاندنیەتی.

چوارەم: دەبێت ڕاددەی تێ گەیشتن و ژیریتی بەرزبێت و ئاسۆی بیرکردنەوەی تەنگەبەر نەبێت.

پێنجەم: ڕەخنەساز دەبێت هەروەکو- ماتیۆئارنۆڵد دەڵێ: توانای ئەوەی هەبێت کە شت هەروەکو خۆی چۆنە و لەڕاستی دا چلۆنە، ببینێ..

شەشەم: ڕەخنەساز نابێت بۆ هیچ بیانوییێک، ملکەچی ئارەزووی تایبەتی خۆی بێت و دوای بیروڕا پێشووەکانی بکەوێت. واتە دەبێت بە چەشنێکی ڕاستەقینە خەریکی کارەکەی بێت و هەموو مەبەستێکی خزمەتی ڕاستی بێت..

حەوتەم: ڕەخنەساز دەبێت ڕۆشنبیرێکی خاوەن تەجروبە بێت و بەلایەنی کەمەوە، جگە لە زمانە نەتەوایەتیەکەی بەجۆرێکی شارەزایانە زمانێکی بێگانە بزانێ ( بەسیر، 1993، 8 ).

ئەمانە ئەو مەرجانەن کە ( کامیل حەسەن بەسیر) دیاریکردوە و پێی وایە کە پێویستە لەهەر ڕەخنەگرێکی سەرکەوتوودا هەبێت و پێڕەویان لێ بکات، لەخاڵی یەکەمدا ئاماژە بەوە دەکات کە پێویستە کەسی ڕەخنەگر کەسێکی زرنگ و وشیاربێت و دووربێت لەکەللەڕەقی و ئینکاریکردن بێ هۆ و بێ ئەنجام، واتە لەهەر شوێنێکدا ڕەخنەگر واتا و مەبەستی نەپێکابوو، پێویستە ددانی پێدا بنێ و پێ لەسەر هەڵەی خۆی دانێ، لە مەرجی دووەمدا ئاماژە بەوە دەکات، کە پێویستە ڕەخنەگر خاوەنی زەمینەیەکی ڕۆشنبیری فراوان بێت پەی بە نهێنیەکانی دەقەکە ببات، واتە خاوەن باکگراوندێکی فراوانی کۆزانین (مەعریفی) بێت، چونکە بۆ شیکردنەوەی هەر دەقێکی ئەدەبی، ئەوا ڕەخنەگر سەرلەبەری زانینە جیاجیاکانی دەخاتەڕوو بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو دەقەی کە کاری لەسەر دەکات، پێویستە ئاگاداری سەرجەم لایەنەکانی دەقەکە ببێت، نەک تەنیا شارەزایی لە یەکێک لە لایەنەکانی فەرهەنگ و زانیاری هەبێت. چونکە بێگومان مەسەلەی شیکردنەوەی دەق پێویستی بە زانیاری هەمەجۆر هەیە، وەکو مێژوویی، دەروونی، کۆمەڵایەتی و سیاسی و ...هتد، هەرئەوەشە بەرپرسیارییەتیەکی تر دەخاتە ئەستۆی ئەوانەی لە بواری ڕەخنەی ئەدەبی کاردەکەن، کە ئەویش بریتییە لە هەبوونی زۆرترین بڕی مەعریفە و زانیاری، تا لە ڕاڤەکاری و خوێندنەوەی دەقەکاندا پشتیان پێ ببەستن.

لە مەرجی سێیەمدا ڕەخنەگر پێویستە هیچ لایەنێک فەرامۆش نەکات، کە پەیوەندی بە دەوروبەری دەقەکەوە هەیە. چونکە ڕەخنەگرتن لەلایەنێکی دەقەکە پشتگوێ خستنی لایەنەکانی تری لەوانەیە نەمان گەیەنێتە ڕاستی ( رسول، 1981، 33 ). دەتوانین بڵێین دوو قۆناغ دەستنیشاندەکرێن بۆ شیکردنەوەی هەر دەقێکی ئەدەبی ئەوانیش ئەمانەن: یەکەمیان: قۆناغی تێگەیشتنە، کە لە میانەیەوە ڕەخنەگر لەهەموو لایەنەکانی شیکردنەوەی ناوەوە و دەرەوەی دەق دەکۆڵێتەوە ( زمان، شێواز، زەمینەی دەربڕینە، ئەدگارە ڕەوانبێژییەکان. قۆناغی دووەم: شیکرنەوە و ڕاڤەکردنە، کە لەمیانەیەوە میکانیزمی پەیوەندی لەنێوان کەسی داهێنەر و کۆمەڵ دەخرێتە نێو چوارچێوەی کارە کۆمەڵایەتیەکانەوە( عبدالواحید، 2013، 11 ).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper15 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

لەمەرجی چوارەمدا (كامیل حەسەن بەسیر) پێی وایە ڕەخنەگر دەبێت خاوەن بیرێكی فراوان بیت بچێتە قوڵایی دەقەكەوە ئاسۆی بیركردنەوەی فراوان بێت، لەخاڵی پێنجەمدا ئاماژە بەوە دەكات، كە پێویستە ڕەخنەگر شتەكان وەكو خۆی ببینێت و نەكەوێتە هەڵەوە، واتە شتێك نەڵێت كەپەیوەندی بەدەقەكەوە نییە و دوورە لەمەبەستی دەقەكە.

لە خاڵی شەشەمدا ئاماژەی بەوە كردووە كە ڕەخنەگر نابێت بەئارەزووی خۆی بڕیار لەسەر دەقەكە بدات، بەڵكو دەقەكە خۆی چۆنە ئاوا مامەڵەی لەگەڵ بكات و نابێت ئینتیمای ئایدۆلۆژی و سیاسی و ئاینی خاوەنی دەق لەبەرچاو بگرێت، واتە پێویستە ڕەخنەگر بە ئەمانەتەوە شیكردنەوە بۆ تێكستەكە بكات و خۆی نەبەستێتەوە بەهیچ ئایدۆلۆژییەكەوە، تەنها مامەڵە لەگەڵ خودی تێكستەكە بكات، ڕەخنەگر هەوڵبدات بەشێوەیەكی جوان و بەئیتیكێكی بەرزەوە ڕای خۆی دەرببڕێت دەربارەی تێكستەكە، ڕەخنەی ئەدەبی ئیشی لێكۆڵینەوەیە لەبەرهەمی ئەدەبی. واتە ڕەخنە هەست و هزر و ئەزمونێكە كە لە دەقی ئەدەبییەوە سەرچاوەی وەرگرتووە. لەكۆتایدا پێویستە ڕەخنەگر بەلایەنی كەمەوە زمانێكی تر بزانێت و شارەزایی تێدا هەبێت جگە لە زمانی نەتەوایەتی نەتەوەكەی خۆی. ئەمانە ئەو مەرجانە بوون كە (كامیل حەسەن بەسیر) ئاماژەی پێكردون كە پێویستە لە كەسی ڕەخنەگردا بوونی هەبێت و پێڕەوی لەم خاڵانە بكات.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بكەین لەگەڵ بوونی ئەم مەرجانەی كە ( كامیل حەسەن بەسیر) ئاماژەی پێكردوون كە پێویستە لەكەسی ڕەخنەگردا هەبن ، ئەوا چەند مەرجێكی تریش هەن كە پێویستە لە ڕەخنەگری سەركەوتودا هەبن، لەوانە: پێویستە ڕەخنەگر شارەزایی باشی لە زانستەكانی زماندا هەبێت، بۆ نموونە شارەزایی لە ئاستەكانی زمان لەوانە: (ئاستی دەنگسازی، ئاستی وشەسازی، ئاستی ڕستەسازی، ئاستی واتاسازی) بۆ ئەوەی ئاگاداری گۆڕانكارییە زمانی و ڕێزمانییەكانی ناو دەقەكە بێت. چونكە ڕەخنەگر هەوڵدەدات مانا شاراوەكانی ناو دەق نادیارەكانی ئەودیوی زمان بخوێنێتەوە و ئاشكرایان بكات. بۆ ئەمەش دەبێ ڕەخنەگر بە عەشقەوە لەگەڵ تێكستدا بژی لەگەڵ بیر و زمانی تێكستەكەدا ئاوێزان بێت ( ئەسوەد، 2015، 196 ). بۆیە زۆرجار ڕەخنەگر لەكارە ڕەخنەییەكەیدا پەنا دەباتە بەر زانستی زمانەوانی، چونكە ئەدەب و تێكستی ئەدەبی بە پلەی یەكەم بریتیین لە زمان، لەبەرئەوە بێگومان كەرەستە و ماددەی سەرەكی ئەدەب زمانە.

مەرجێكی تر كە پێویستە لە كەسی ڕەخنەگردا هەبێت، ئەوەیە كە ڕەخنەگر لە توێژینەوەكانیدا پێڕەوی میتۆدێكی زانستی بكات لەكاتی كاركردن لەسەر دەقەكە، چونكە ڕەخنەگر دەبێ پەیڕەوكردنی میتۆدی زانستی لەبەرچاو بگرێ و هەوڵ بدات كە ئەو یاسایانەی میتۆدەكە لەسەر بەرهەمە ئەدەبییەكە جێبەجێبكات، هەموو كارێكی ڕەخنەیی بەبڕوای ئێمە دەبێ میتۆدێكی هەبێ، لەبەرئەوەی بەهۆی میتۆدەوە ڕەخنەگر تووشی پەرت و بڵاوی و دەرچوون لە بابەتەكە نابێت، میتۆدی ڕەخنەیی دەبێتە هۆی بوونی لایەنی زانستی و ئیستێتیكی دەقە ڕەخنەییەكە، چونكە ئەو میتۆدە یارمەتی ڕەخنەگر دەدات بابەتییانە وكۆنكرێتیانە بنوسێت، ئەمەش بۆ ئەوەیە ڕەخنەگر ڕوانینەكانی تەنیا بیروبۆچوون و حەزی تاكەكەسی نەبێت، بەڵكو بابەتیانە لە دەق بدوێت و بۆ ئەمەش پێویستە سود لە میتۆدە ڕەخنەییەكان ببینێت.

ئەمانە ئەو مەرجانەن، كە پێویستن لەپاڵ حەوت مەرجەكەی تر كە (كامیل حەسەن بەسیر) ئاماژەی پێكردون لەڕەخنەگری سەركەوتودا هەبن.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper15 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

## ئەنجام:

1- لەدیدی ( کامیل حەسەن بەسیر)ەوە، ئەدەب ئامرازێکە بۆ چاککردنی بار و گوزەرانی کۆمەڵگا، واتە پێی وابووە پێویست بووە ئەدەب لە خزمەتی کۆمەڵگا دابێت و ڕۆڵی هەبێت لە ئاراستەکردنی خەڵک، واتە ( ئەدەب بۆ کۆمەڵ) بێت.

2- بەلای ( کامیل حەسەن بەسیر)ەوە ئەدەبی کوردی ئەدەبێکی زیندووە و ڕۆڵێکی چالاکی هەبووە لە بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگا.

3- بەتێڕوانینی ( کامیل حەسەن بەسیر) ڕەخنە لەلایەکەوە زانستە و لەلایەکی تریشەوە هونەرە، واتە لە کاری ڕەخنەییدا چەند یاسا و ڕێسایەک هەیە کە پێویستە ڕەخنەگر ڕەچاوییان بکات لەکارە ڕەخنەییەکەیدا ئەمە لەلایەک، لەلایەکی ترەوە پێویستیشە ڕەخنەگر زەوق و سەلیقەی ئەدەبی هەبێت.

4- هەمیشە جەختی لەوە کردۆتەوە کە پێویستە ڕەخنەگر لە کارە ڕەخنەییەکەیدا بابەتیی بێت و تەنها مامەڵە لەگەڵ دەق بکات، خۆی بەدوور بگرێت لە هەر ئایدۆلۆژییەک.

5- بەلای نوسەرەوە ڕەخنە تەنها بۆ دەرخستنی عەیب و کە کوڕی نیە، بەڵکو نوسەر ڕوانینێکی سەردەمیانەی هەبووە بۆ زانستی ڕەخنە و پێی وابووە لە ڕەخنەدا پێویستە ڕەچاوی هەردوو لایەنی باشی و خراپی دەق بکرێت


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper15 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

## سەرچاوەکان:

## بەزمانی کوردی:


1- ئاشنا، ئومێد، 1985، ڕەفیق حیلمی و سەرەتای ڕەخنەی زانستی لە ئەدەبی کوردیدا.

2- ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد، 2015، فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتیەکان، چاپخانەی تاران.

3- باقی، محەمەد حەمە، 1998، ڕاوە گزنگ، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری.

4- بایز، ئەرسەلان، 1997، لەبارەی ئەدەب و ڕەخنەوە.

5- بۆرەکەیی( صەفی زادە)، سدیق، 2008، مێژووی وێژەی کوردی(بەرگی دووەم)، هەولێر، چاپی دووەم، بڵاوکراوەی ئاراس.

6- بەسیر، کامیل حەسەن، 1983، ڕەخنەسازی مێژوو و پەیڕەوی کردن، بغداد، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق.

7- بەسیر، کامیل حەسەن، 1981، لاسایکردنەوە و ڕەسەنی لە ڕەخنەسازی کوردیدا، بەغداد، بەرگی هەشتەم، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق(دەستەی کورد)، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق.

8- بەسیر، کامیل حەسەن، 1980، بنەڕەتیەکانی ڕەخنەسازی و هۆنراوەی دێرینی کوردی، بەغدا، بەرگی هەشتەم، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق(دەستەی کورد)، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق.

9- بەسیر، کامیل حەسەن، 1987، بۆچونەکانمان لە کێڵگەی ڕۆشنبیری و کوردیدا، بەغداد، بەرگی شازدەهەم و حەڤدەهەم، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق(دەستەی کورد)، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق.

10- بەسیر، کامیل حەسەن،1993، مێژووی ڕەخنەسازی، بغداد، بەشی یەکەم، دار الحریه اللطباعة.

11- بەسیر، کامیل حەسەن، 1985، مامۆستا فایق بێکەس لە کۆڕی ڕەخنەسازی کوردیدا، بەغداد، بەرگی دوازدەهەم، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق(دەستەی کورد)، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق.

12- بەسیر، کامیل حەسەن، 1990، وێژەی کوردی و ڕەخنەسازی، بغداد، چاپخانەی دار الجاحظ.

13- بەسیر، کامیل حەسەن، 1984، وێژە و توێژینەوەی، بەغداد، بەرگی یازدەهەم، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق(دەستەی کورد)، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق.

14- بەسیر، کامیل حەسەن، 1985، وێژە و ئاشتی و جەنگ، بغداد، دار الحریه للطباعة، ڕۆشنبیری نوێ گۆڤارێکی وەرزییە بۆ لێکۆڵینەوە، ژ (107).

15- بەسیر، کامیل حەسەن، 1983، ڕەخنەسازێک و بیردۆزی هۆنراوە، بەغداد، بەرگی دەهەم، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق(دەستەی کورد)، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق.

16- بەسیر، کامیل حەسەن، 1960، چەمکی مرۆڤایەتی لە شیعری کوردیدا، گۆڤاری ڕۆژی نوێ، تشرینی یەکەم، ژ(8).

17- تۆفیق، ئاڤان عەلی، 2012، میرزا چنینی دەق لە شیعرەکانی نالی دا، سلێمانی، چاپخانەی کەمال.

18- حەسەن، گیان بەسیر، 2015، مێژووی ڕەخنەسازی، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران.

19- حەسەن، حەمە سەعید، 1979، وشەکان دەگەڕێنەوە مەداری خۆیان.

20- خاڵ، شێخ محمەدی، شوباتی 1958، وێژە، گۆڤاری هیوا، ساڵی(1)، ژ(8).

21- خاڵ، شێخ محمدی ، 2005، فەرهەنگی خاڵ، هەولێر، چاپی دووەم، بڵاوکراوەی ئاراس.

22- خۆشناو، ئەبوبکر، 2002، شیعری بەرەنگاری کوردی(1975-1991ز)، سلێمانی.

23- خۆشناو، و/ دڵشاد، ماریۆ بارگاس یۆرس، 2011، ئەدەبییات بۆ؟، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕوون.

24- سجادی، عەلاددین، 1970، نرخ شناسی، بەغدا، چاپخانەی مەعارف.

25- شرفکندی(هەژار)، عبدالرحمن، 1376، هەنبانە بۆرینە، تهران، چاپی دووەم، انتشارات سروش.

26- عارف، و/ حەمە کەریم، ماکسیم گۆرکی، 2008، ئامانجی ئەدەبیات، سلێمانی، چاپی دووەم، چاپخانەی سایە.

27- عبدالواحید، ئازاد، 2013، سۆسیۆلۆژیای شیعر، کەرکوک، چاپی دووەم، چاپخانەی کارۆ.

28- عەزیز، و/ حمید، هۆراس، 1979، هونەری شیعر، بغداد، طبع بمطبعة الزمان.

29- قەرەداغی، و/ عەتا، تێری ئینگڵتن، 2016، تیۆری ئەدەبی، چاپخانەی تاران.

30- محەمەد، ئەنوەر قادر، 2010، تیۆری ئەدەبی و شێوازناسی، سلێمانی، مەڵبەندی کوردۆلۆجی.

31- محەمەد، دڵشاد عەلی، 1998، بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردیدا، سلێمانی، چاپخانەی ڕەنج.

32- مەردۆخی، موحەمەد،1385، فەرهەنگی مەردۆخ، سنندج، بەرگی یەکەم، نشر پرتوبیان.

33- محمود، نوری ئەمین، 1951، شیعر ئەبێت چۆن بێت؟، ساڵی(26)، ڕۆژنامەی ژین، ژ( 1076).

34- رسول، اسماعیل، 1981، چەند باسێک دەربارەی ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی، بەغدا، دارالحریه للطباعة.

35- ڕەسوڵ، عیزەدین مستەفا ، 1972، خانی و ڕەخنەی ئەدەبی، گۆڤاری(نوسەری کورد)، کانونی دوەمی، ژمارە(5).

36- هاوار، محمد ڕەسوڵ، ئامادەکردنی/ ڕەفیق صالح ، چاپخانەی، 2008، وتارە کوردییەکان، ئەدەبی کوردی لە چ مەینەتێکدایە، سلێمانی، چاپخانەی شڤان.

**بەزمانی عەرەبی:**

1- بەسیر، کامیل حەسەن، نیسان1977، الدعوه الی الالتزام فی شعرنا المعاصر بین اراء افلاطون ومقاییس قرانیة، من المجلد الثالث العدد الاول لمجلة زانکو العلمیة الانسانیات، طبعة: بمطبعة جامعة السلیمانیة.

2- خفاجی، محمد عبدالمنعم، 1995، مدارس النقد الادبی الحدیث، القاهرة، ط1، دار اللبنانیه المصرية.

3- محمد، ترجمة و محمد عوض، أسل أبر كرومبی، ١٩٨٦، قواعد النقد الادبي، القدمه، الناشردار الشؤون الثقافية العامة



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper15 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

بەزمانی فارسی:

1- شاملو، أحمد، 1377، دەربارەی هنر و أدبيات، تهران، چاپ4، باكوشش ناصر حريرى، نشر آويشن گوهر مراد.

## الملخص:

هذا البحث تحت عنوان (مفهوم الأدب والنقد الأدبي في منظور (كامل حسن بصير)، وهو بحث نقدي يعمل على النظرات الأدبية والنقدية للكاتب في المجال النظري، اذن يدخل هذا البحث في إطار (نقد النقد). ويرجع اهتمامنا في إختيار أعمال الكاتب إلى تلك الأرضية الثقافية الواسعة للكاتب المذكور في مجالات الأدب عامة والنقد على وجه الخصوص، والبحث عبارة عن التفاتة علمية على أعمال ناقد بارز ذي خزانة مملوءة من الآثار لشعبنا، حيث أنه لم يهتم به في النقد الأدبي و الأوساط الأكاديمية والجامعية على ما يرام.

والهدف في هذا البحث هو مراجعة وتقييم اراء (كامل حسن بصير) التي لها مكانة بارزة في المقال الأدبي عموماً والنقدي على وجه أخص.

وأنها حاملة للشكل والطابع المميزين له، ولذا اعتبارنا الالتفاتة إليها أمرا ضروريا تحت مفهوم (نقد النقد)، ونمط البحث وصفي تحليلي، يتكون هذا البحث من قسمين رئيسيين، القسم الاول: في هذا القسم: قمنا بالقاء الضوء على اراء (كامل حسن بصير) وتوضيحها، حول الشعر والشاعر وتشخيص الواجب والدور ومشاركة الأدب الكردي في واقع المجتمع الكردي. وخصصنا القسم الثاني للمصطلح و المفهوم النقدي في نظر الكاتب اي أننا عرضنا في هذا القسم نظرات (كامل حسن بصير) حول علم النقد وشروط الناقد مع شروط النقد العلمي. وفي النهاية قام الباحث لعرض أهم النتائج التي توصل إليها في هذا البحث.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper15 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

**ABSTRACT:**

The current study entitled *The Concept of Literature and Literary Criticism in Kamil Hassan Basirs' Views"* is a critical study that deals with Kamil Hassan Basirs' literary views and criticism as far as theoretical basis is concerned. Therefore, the study revolves around what is called ( *critical criticism)*. The purpose behind choosing his works is related to his well- informed knowledge regarding literature in general and criticism in particular. Furthermore, it serves to be a scientific reflection on the works of a treasury and outstanding critic in the country considering that his works have not been paid much attention within the field of literary criticism as well as in an academic setting.

The aim behind this study is to review and evaluate, on one hand, Basirs' views which have a remarkable position within literary essays in general and critical essays in particular. On the other hand, his views carry his own forms and distinguishing features. For this reason, the researcher has found it necessary to take his views into consideration under the concept *critical criticism*.

The method of the study is analytical descriptive. It consists of two main parts. The first part sheds some light on Basirs' views regarding poetry, poets and specifying the role and the participation of Kurdish literature in Kurdish society. The second part is devoted to the terms and concepts concerning criticism in Basirs' viewpoints. It also studies the qualifications of the critic and the requirements of the scientific criticism. The paper ends with the conclusion in which some important points are concluded.